# کاریگەرییەکانی ڕاگواستن و کەمپە زۆرەملێیەکان لەسەر کۆمەڵگەی میواندار (خانەخوێ)
# توێژینەوەیەکی پێداچونەوەیی شیکارییە بۆ توێژینەوەکانی پێشو

**کاروان محمد عزیز[1]، مراد حکیم محمد[2]**

[1,2] بەشی کۆمەڵناسی و کاری کۆمەڵایەتی، فەکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە باس لە بابەتێکی گرنگ دەربارەی کاریگەرییەکانی ڕاگواستن و کەمپە زۆرەملێیەکان لەسەر کۆمەڵگەی میواندار دەکات. ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە کاریگەرییەکانی ڕاگواستنی زۆرەملێ بۆ کەمپەکان لەسەر کۆمەڵگە میوانداراەکان، بەتایبەتی لە بوارەکانی پەروەردە و دەستراگەیشتن بە خوێندن، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و پرۆسەی هاوسەرگیری، دەرفەتە ئابورییەکان، دابەشکردنی سەرچاوەکان و داینامیکی کۆمەڵایەتی. گرنگی تایبەت بە ئەزمونی ژنان لە کەمپەکان دەدرێت، لەوانەش ئازادییە کەسییەکانیان و ئاڵنگارییە ئابوری-کۆمەڵایەتییەکان. توێژینەوەکە پێداچونەوە بۆ زیاتر لە چل توێژینەوەی جیاوازدا دەکات، کە لە وڵاتە جیاوازەکاندا ئەنجامدراون، شیکاری ئەو کاریگەرییانە دەکات کە کۆمەڵگەکان ڕوبەڕوی ڕاگواستن و نیشتەجێکردنی کەمپەکان بوونەتەوە. لە ڕێگەی پشکنینی ڕەخنەگرانە لە ئەدەبیاتی پێشو، ئەم توێژینەوەیە ئامانجیەتی هەڵسەنگاندنی ئەوە بکات کە تا چەند کەمپەکان کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگە میوانداراەکان هەیە. بە کۆکردنەوەی ئەنجامە جۆراوجۆرەکان، توێژینەوەکە تێگەیشتنێکی گشتگیر لە کاردانەوە ئاڵۆز و فرەلایەنەکانی ئەم کەمپانە لەسەر ناوچەکانی دەوروبەری دەدات. توێژینەوەکە ورد دەبێتەوە لە دەرئەنجامە کۆمەڵایەتی-ئابوری، سیاسی و کەلتورییەکانی کەمپە زۆرەملێکان. تیشک دەخاتە سەر هەردو کاریگەرییە دەستبەجێ و درێژخایەنەکان. ئەنجامەکان دەریدەخەن کە کەمپەکانی زۆرەملێ فشارێکی ئابوری-کۆمەڵایەتی بەرچاو لەسەر کۆمەڵگە میوانداراەکان دروست دەکەن، بە پلەی یەکەم دەست ڕاگەیشتن بە خوێندن و پەروەردە بۆ خەڵکی کەمپەکان. ململانێی نێوان ئیتنیک و گروپەکان زیاد دەکات. یەکێکی دیکە لە ئەنجامەکان گۆڕانی ڕۆڵی ژنانە لە کەمپەکان کە ڕۆڵی جیاواز دەبینن، پرۆسەی هاوسەرگیریش گۆڕانکاری بەسەرداهات بەجۆرێک ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری لەناو کەمپەکان زیادیکردووە. هەروەها، بەرزبوونەوەی مەترسی توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەری بەرامبەر بە کچانی خێزانە ڕاگوێزراوەکان کە لە کەمپەکاندا یەکێکی دیکەیە لە ئەنجامەکان. لە ڕوی کەلتوری و کۆمەڵایەتییەوە، کەمپەکانی کۆکردنەوە کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر کۆمەڵگە میوانداراەکان هەیە بە گۆڕینی یەکگرتویی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.

**وشە سەرەکییەکان:** ڕاگواستن، کەمپە زۆرەملێیەکان، گۆڕانی کۆمەڵایەتی، گۆڕانی کەلتوری، کۆمەڵگەی میواندار.

## پێشەکی [1]

دیاردەی کەمپەکان کە زۆرجار پەیوەندی بە پێشێلکاری توندی مافی مرۆڤ و قەیرانە مرۆییەکانەوە هەیە، کاریگەریی دور مەودای لە سەر تاکەکانی ڕاگوێزراو هەیە. ئەم کاریگەرییانە درێژدەبنەوە بۆ کۆمەڵگە میوانداراەکان کە ئەمجۆرە کەمپانەی تێیدا دامەزراون. لە کاتێکدا کە بە شێوەیەکی نەریتی سەرنجی سەرەکی توێژینەوەکان لەسەر قوربانییە ڕاستەوخۆکانی ئەم کەمپانە بووە، تێگەیشتن لە کاریگەرییە کۆمەڵایەتییە فراوانەکان لەسەر کۆمەڵگە میوانداراەکان زۆر گرنگە. کۆمەڵگە میوانداراەکان زۆرجار بەهۆی بوونی ئەم کەمپانە توشی گۆڕانکاری بەرچاو لە ڕوی ئابوری-کۆمەڵایەتی، سیاسی و دەرونی و کەلتورییەوە دەبن. ئەم کاریگەرییانە دەتوانن بە شێوازی جۆراوجۆر دەربکەون، لەوانە گرژبوونی سەرچاوەکان، گۆڕانی پێکهاتەی دیمۆگرافی، زیادبوونی نیگەرانییە ئەمنییەکان و گۆڕانکاریی لە ئابورییە ناوخۆییەکاندا.

زۆرجار درووستکردنی کەمپەکانی زۆرەملێ لێشاوی لەناکاوی سەرچاوە و ڕێوشوێنی ئەمنی و گۆڕینی هێزی کار بەدوای خۆیدا دەهێنێت، کە دەبێتە هۆی گۆڕینی باردۆخی کۆمەڵایەتی-ئابوری. ئەم کەمپانە دەتوانن دەرفەتی ئابوری نوێ بخەنە ڕو، وەک دامەزراندن لە کارگێڕیی کەمپەکان یان ئاسایشدا، بەڵام لەهەمانکاتدا، دەتوانن چالاکییە ئابورییە نەریتییەکان بەرەوە دواوە بەرن (Moses, 2004). جگە لەوەش،

[1] . گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی 9، ژمارە 2 (2026)
ڕێککەوتی: وەرگرتن 14 ئادار 2025؛ پەسەندکردن: 10 تەموز 2025
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە 10 ئاب 2026 بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: karwan.aziz@soc.soran.edu.iq
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © 2026 کاروان محمد عزیز، مراد حکیم محمد، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n2y2026.pp466-478

بوونی کەمپی زۆرەملێ دەتوانێت کەشێکی بەربڵاوی ترس و بێمتمانەیی لەناو کۆمەڵگەی میوانداردا دروست بکات، چونکە کۆمەڵگەی میواندار هەندێکجار دژ بە ڕەفتار و کارە ئەخلاقییەکانی کەمپەکان و کارەکانیان دەوەستنەوە (Stone, 2003). زیاد لەوەش، کەمپەکانی زۆرەملێ دەتوانن ناسنامە و یەکگرتوویی کۆمەڵگە میواندارەکان بگۆڕن. بوونی ئەمجۆرە کەمپانە دەتوانێت کۆمەڵگەیەک لەکەدار (Stigmatize) بکات. ئەم لەکەدارکردنەش دەتوانێت کاریگەریی لەسەر یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و شانازی کۆمەڵایەتی هەبێت، کە دەبێتە هۆی شکاندنی ناسنامەی ناوخۆیی.(Snyder, 2011)

توێژینەوەکان دەریانخستووە, کە دروستکردنی کەمپەکان دەتوانێت کاریگەریی نەرێنی و ئەرێنی بۆ کۆمەڵگە میواندارەکان هەبێت. بۆ نمونە لێشاوی یارمەتی و سەرنجی نێودەوڵەتی دەتوانێت سودی ئابوری و گەشەپێدانی ژێرخانی بۆ ناوچەکە بهێنێت. بەڵام ئەم سودانە زۆرجار بەهۆی کاردانەوە نەرێنییەکانەوە، وەک زیادبوونی گرژی لە نێوان کۆمەڵگەی خانەخوێ و خەڵکی ناو کەمپەکان، بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکان و کاریگەرییە دەروونییەکان لەسەر دانیشتوانی ناوچەکە (Smith, 2020; Brown, 2018). سەرەڕای ئەوەش، دەکرێت پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی خانەخوێ تێکبچێت، ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییە درێژخایەنەکان کە تەنانەت دوای هەڵوەشاندنەوەی کەمپەکانیش بەردەوام دەبن. بە پێچەوانەشەوە ڕاستە، دەکرێت بێتە هۆی گۆڕانکاری لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی میوان بە شێوەیەکی ئەرێنی.

لە لایەکی دیکەوە، لە ڕوی دەروونییەوە، دەکرێت کەمپەکان کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر تەندروستی دەروونی ئەندامانی کۆمەڵگەی خانەخوێ هەبێت. بەشێک لە توێژینەوەکان دەریانخستووە کە ژیان لە نزیک کەمپەکان، شوێنەکانی تایبەت بە توندوتیژی دەتوانێت ببێتە هۆی زیادبوونی ڕێژەی دڵەڕاوکێ، خەمۆکی و تێکچوونی فشاری دوای کارەسات (PTSD) لەنێو دانیشتوانی ناوچەکەدا (Taylor, 2014).

لە بواری توێژینەوەی ئەکادیمیدا، گەڕان بە دوای توێژینەوەکانی پێشو زۆر گرنگە بۆ بنیاتنانی تێگەیشتنێکی گشتگیر سەبارەت بە بابەتی هەڵبژێردراو. لەم بەشەدا توێژەر قوڵ دەبێتەوە لە ئەدەبیاتی ئێستاو و شیکردنەوەی چەندین کاری زانستیی دەکات، کە بابەت و چەمکە پەیوەندیدارەکانیان شیدەکاتەوە. بە پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشو، توێژەران دەتوانن ئەنجامە سەرەکییەکان، ڕێبازە میتۆدۆلۆژییەکان و چوارچێوە تیۆرییەکان دیاریبکەن کە تێگەیشتنی ئێستای بابەتەکەیان خستۆتەڕو. ئەم شیکردنەوەیە نەک تەنها تیشک دەخاتە سەر ئەو پێشکەوتنەی لە بوارەکەدا بەدی هاتوون، بەڵکو جەخت لە کەلێن و سنوردارییەکانی توێژینەوەکانی ئێستا دەکاتەوە و بەمشێوەیە ڕێگا خۆش دەکات بۆ توێژینەوە و داهێنانی نوێ ( Hart, 2018; Ridley, 2012). گەڕان بەدوای توێژینەوەکانی پێشودا خزمەت بە چەندین مەبەست دەکات:

یەکەم: لە چوارچێوەی توێژینەوەکانی ئێستا لەناو گوتاری ئەکادیمی فراوانتردا دەخاتە ناو کۆنتێکستەوە، ئەوە نیشاندەدات کە چۆن توێژینەوە نوێیەکان لەگەڵ زانیارییە دامەزراوەکاندا هاوتەریب دەبن یان لێی جیا دەبنەوە. بە دانانی توێژینەوەکە لە چوارچێوەی توێژینەوەکانی پێشودا، توێژەران دەتوانن پەرەسەندنی بیرکردنەوە نیشان بدەن و تیشک بخەنە سەر بەربەستە گرنگەکانی ئەو بوارە. ئەم کۆنتێکستکردنە زۆر گرنگە بۆ بەرز نرخاندنی سروشتی زیادبوونی دۆزینەوەی زانستی و بۆ ناسینی ئەوەی کە چۆن توێژینەوەکانی ئێستا بەشدارن لە گفتوگۆی بەردەوامدا ( Boote & Beile, 2005).

دووەم: بناغەیەک بۆ پەرەپێدانی پرسیار و گریمانەکانی توێژینەوە دادەمەزرێنێت، بە ڕێنمایی ئەو تێڕوانین و دەرەنجامانەی کە لە بەرهەمەکانی پێشوترەوە وەرگیراون. تێگەیشتن لەوەی کە پێشتر توێژینەوەیان لەسەر کراوە و دامەزراون ڕێگە بە توێژەران دەدات کە پرسیارگەلێک داڕێژن کە باس لە بوارە نەکۆڵراوەکان دەکەن یان ئاڵنگاری گریمانە هەبووەکان بکەن. ئەم پرۆسەی گەڕانە نەک هەر توێژینەوەکە دەوڵەمەند دەکات، بەڵکو دڵنیای دەدات لەوەی کە بەشدارییەکی فرە ڕەهەندی لە بواری ئەکادیمیدا دەکات (Cronin, Ryan, & Coughlan, 2008).

ئەم پێداچوونەوەیە ئامانجی ئەوەیە کە بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە بەدواداچوون لە ئەدەبیاتی ئێستا بکات سەبارەت بە کاریگەریی کەمپەکان لەسەر کۆمەڵگە میواندارەکان. ئەم توێژینەوەیە بە کۆکردنەوەی دەرئەنجامە جۆراوجۆرەکانی توێژینەوەکان، هەوڵدەدات تێگەیشتنێکی گشتگیر لە کاریگەرییە فرەلایەنەکانی ئەم کەمپانە لەسەر ناوچەکانی دەوروبەری هەبێت. پێداچوونەوەکە ڕەهەندە کۆمەڵایەتی-ئابوری، سیاسی، تەندروستی، دەرونی و کەلتورییەکانی ئەم کاریگەرییانە دەکۆڵێتەوە، تیشک دەخاتە سەر هەردو دەرئەنجامە دەستبەجێ و درێژخایەنەکان.

ئەم پێداچوونەوەیە، جەخت لەسەر گەیشتن بە وەڵامی کۆمەڵێک پرسیاری سەرەکی تایبەت بە پرسەکە دەکاتەوە، لەڕێگەی کۆکردنەوەی نزیکەی (٤٠) توێژینەوەی پەیوەندیدار بە پرسەکە و پێداچوونەوە پێیاندا هەوڵی تێگەیشتن لە کاریگەرییەکانی ڕاگواستنی زۆرەملێ و نیشتەجێکردنی خەڵک لە کەمپ:

1. ڕاگواستنی زۆرەملێ چۆن کاریگەریی لەسەر دەستڕاگەیشتن بە خوێندن و پەروەردە بۆ کۆمەڵگەی ڕاگوێزراو هەبووە و چ کاریگەرییەکی درێژخایەنی لەسەر دەرفەتە ئەکادیمی و پیشەییەکانیان هەبووە؟
2. چۆن ڕاگواستنی زۆرەملێ و نیشتەجێبوون لە کەمپەکاندا، پێکهاتەی خێزانی نەریتی گۆڕی و کاریگەریی لەسەر شێوازەکانی هاوسەرگیری لەناو کۆمەڵگە ڕاگوێزراوەکاندا هەبوو؟
3. ڕاگواستنی ناوخۆیی و نیشتەجێبوون لە کەمپە زۆرەملێییەکاندا بە چ شێوەیەک کاریگەریی لەسەر ئازادییە کۆمەڵایەتی و ئابوری و کەسییەکانی ژنانی ڕاگوێزراو هەبووە؟
4. دانیشتوانی ڕاگوێزراو چۆن کاریگەریی لەسەر دەرفەتە ئابورییەکان، دابەشکردنی سەرچاوەکان و داینامیکی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە میواندارەکان هەبووە؟

تا چەند ڕاگواستن و نیشتەجێکردنی زۆرەملێ لە کەمپەکان بەشدارییان لە گرژییە نەتەوەییەکان یان هەوڵەکانی یەکگرتن لە نێوان ئێتنیکە جیاوازەکاندا کردووە؟

## 1. خستنەڕوی کاریگەرییەکانی ڕاگواستن لەسەر کۆمەڵگەی خانەخوێ بە پشت بەستن بە توێژینەوەکانی پێشو

پێداچوونەوەی توێژینەوەکانی پێشو بەشێکی گرنگی توێژینەوەی ئەکادیمییە. چوارچێوەیەکی دیاریکراو بۆ توێژەر دیاریدەکات بەجۆرێک، پرسیارەکانی توێژینەوە و میتۆدۆلۆژیای توێژینەوە ئاشکرا دەکات. تیشک دەخاتە سەر چوارچێوە تیۆرییەکان، و جەخت لەسەر سروشتی هاوکاری کاری زانستی دەکاتەوە. بە گەڕان و بەدواداچوونێکی ورد لەسەر ئەدەبیاتی ئێستا، توێژەران دەتوانن کارەکانیان لە ناو گوتاری ئەکادیمی فراوانتردا ببین و بۆشایی و دەرفەتەکان دیارییکەن و بەشداری لە

بەرەوپێشچوونی بەردەوامی زانین لە بوارەکەیاندا بکەن.

لەم باسەدا، بە پشت بەستن بە کۆمەڵێک توێژینەوەی تایبەت بە کاریگەرییەکانی ڕاگواستنی زۆرەملێ و نیشتەجێکردنی ئاوارەکان لە کەمپەکان لە ژمارەیەک وڵاتی جیاواز لەسەر ڕەهەندە جیاوازەکان دەخەینەڕوو.

**1. 1 کاریگەرییە درێژخایەنەکانی ڕاگواستنی زۆرەملێ لەسەر خوێندن و پەروەردە**

ساشا بێکەر و هاوکارەکانی لە ساڵی (٢٠١٨) لە توێژینەوەیەکدا سەبارەت بە کاریگەرییە درێژخایەنەکانی ڕاگواستنی زۆرەملێ لەسەر وەبەرهێنان لە پەروەردەدا دەکۆڵێتەوە، باس لە گواستنەوەی ئەو پۆڵەندیانە دەکەن کە لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی کاتێک سنورەکانی پۆڵەندا بۆ ڕۆژئاوا بە زۆرەملێ گواسترانەوە و لە کەمپەکان نیشتەجێکران. توێژەران زانیارییە مێژووییەکان لەگەڵ زانیارییە تازە کۆکراوەکانی توێژینەوەکە تێکەڵ دەکەن بۆ بەراوردکردنی پۆلەندییە ڕاگوێزراوەکان لەگەڵ باوباپیرانیان. توێژینەوەکە کۆمەڵێک ئەنجامی سەرنجڕاکێش دەخاتەڕوو: بەجۆرێک لە پێش ڕاگواستن هیچ جیاوازییەک لە پەروەردەدا نەبووە، بەڵام ئەو پۆلەندیانەی کە کۆچی زۆرەملێیان هەیە، بە شێوەیەکی بەرچاو خوێندەوارترن. نەوەکانی کۆچبەرانی زۆرەملێ بە تێکڕا ساڵێکی زیادەی خوێندنیان هەیە، ئەمەش بەهۆی مەیلی بەرزترەوە بۆ تەواوکردنی خوێندن. توێژەران، باسی ئەوە دەکەن کە ڕاگواستنی زۆرەملێ بووە هۆی گۆڕانکاری لە ژیانی خوێندن و پەروەردەیان، هەروەها بە بەڵگە دەریدەخەن کە نەوەکانی کۆچبەری زۆرەملێ کەمتر گرنگی بە بەهای کاڵا ماددییەکان دەدەن، لە هەمان کاتدا ئاواتێکی بەهێزتریان هەیە بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکانیان. هەروەها خاوەنی سەروەت و سامانی فیزیکی کەمترن (Becker et al, 2018).

هەر سەبارەت بە کاریگەرییەکانی ڕاگواستن و کۆچپێکردنی زۆرەملێیی خەڵک و نیشتەجێبوونیان لە کەمپەکان لەسەر پەروەردە و ئاستی خوێندەواری، سونجا فرانسێن و هاوکارەکانی لە توێژینەوەیەکدا سەبارەت بە کۆچکردن یاخود کۆچپێکردنی خەڵکی بوروندی لە ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیا بۆ کەمپەکانی تەنزانیا لە ساڵی ١٩٩٣ تاکو ٢٠٠٥. توێژینەوەکە جیاوازییەکانی ئاکامەکانی پەروەردەیی لە نێوان ئاوارە گەڕاوەکان و ئەو بوروندییانەی کە لە شەڕی ناوخۆی ساڵانی ١٩٩٣-٢٠٠٥دا هەرگیز وڵاتیان بەجێنەهێشتووە، دەکۆڵێتەوە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ڕێژەی خوێندن لە بوروندی لە ئاستێکی نزم دایە. بە کۆنترۆڵکردنی تایبەتمەندییەکانی پێش جەنگی ناوخۆی وڵاتەکە، توێژەران بۆیان دەردەکەوێت ئەو خەڵکانەی لەبوروندی ڕاگوێزراون دواتر گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان ئاستی خوێندەواری و پەروەردەیی باشتریان هەبووە لە چاو ئەو خەڵکانەی کە لە ڕانەگوێزراون یان کۆچیان نەکردووە (Fransen et al, 2018). بەجۆرێک کە ئەو ئاوارانەی گەڕاونەتەوە، ئەگەری تەواوکردنی خوێندنی سەرەتایی بە ڕێژەی ١٦ بۆ ٢٨ خاڵ زیاتر بووە لە چاو ئەوانەی کە هەرگیز شوێنی خۆیان بەجێنەهێشتووە. تەنانەت خەڵکی ناو کەمپەکان ئاستی خوێندەواری و حەزی خوێندنیان لە خەڵکی خانەخوێیەکانی تانزانیاش باشتر بووە، ئەمەش بە ئەگەرێکی زۆرەوە بەهۆی کوالیتی باشتری خوێندنەوە بووە لە کەمپەکان. لە بەرامبەردا ئەو منداڵانەی لە بوروندی لە ناوخۆدا ئاوارە بوون. ئامرازی خوێندنیان نەبوو. بەلایەنی کەمەوە نیوەی منداڵانی ئاوارە ناوخۆییەکان نەچوونە قوتابخانە. ئەو منداڵانەی لە کۆمەڵگەی ڕەچەڵەکی خۆیاندا مابوونەوە، توشی کاریگەرییە خراپەکانی ململانێ بوون لەسەر خوێندن بۆ نمونە بەهۆی وێرانبوونی قوتابخانەکان، کوشتن و کۆچی مامۆستایان، دامەزراندنی منداڵی سەربازی، شۆکی داهاتی ماڵان، ئاستی بەرزی نائارامی و... هتد،کەمبوونەوەی خەرجییەکانی حکومەت بۆ پەروەردە (Fransen et al, 2018).

بێگومان، ئاوارەبوون و ڕاگواستنی زۆرەملێ دواتر نیشتەجێکردنیان لە کەمپەکان بە ڕێژەی جیاواز کاریگەریی لەسەر پەروەردە بە پێی ڕەگەز دادەنێت، بۆ ئەم مەبەستە توێژینەوەیەک سەبارەت کاریگەرییەکانی ململانێ و ڕاگواستنی زۆرەملێ لەسەر پەروەردەی لە تیمۆر لێستێ بە پێی ڕەگەز شیدەکاتەوە، توێژینەوەکە لەلایەن پاتریشیا جەستینۆ و هاوکارەکانی لە ساڵی (٢٠١٣) ئەنجامدراوە. کە تیشک دەخاتە سەر دوا شەپۆلی توندوتیژی لە ساڵی ١٩٩٩ لە کاتی کشانەوەی سەربازانی ئەندەنوسیا لە خاکەکە. توێژەران کاریگەریی کورتخایەن و درێژخایەنەکان لەسەر منداڵان دەکۆڵنەوە. بەو پێیەی زۆربەی تاکەکان لە تیمۆر لێستێ (نزیکەی لەسەدا ٦٥) زۆرتریلیان تەنها خوێندنی قوتابخانەی سەرەتاییان هەیە (Justino & Salardi, 2014).

بەگوێرەی ئەو ئەدەبیاتانەی کە هەن سەبارەت بە کاریگەرییەکانی ململانێیی توندوتیژ لەسەر دەرئەنجامە پەروەردەییەکان، نوسەران بۆیان دەردەکەوێت کە ململانێیی تیمۆر لێستێ بووەتە هۆی کاریگەریی نەرێنی بەرچاو لەسەر دەرئەنجامە پەروەردەییەکان، بەتایبەتی کاریگەرییەکان زیاتر لەسەر ڕەگەزی مێینە دەرکەوتون کە بەرکەوتەی توندوتیژی و ئاوارەبوونی زۆرەملێ بوون. توێژەران باس لەوە دەکەن،کە بنیاتنانەوەی سیستەمی پەروەردە لە دوای ململانێ لە ناوچە زیانلێکەوتووەکان کاریگەریی ئەرێنی لەسەر ئاکامە پەروەردەییەکانی کچان هەبووە، ئەمەش لەوانەیە بەهۆی ڕەچاوکردنی بەهێزی نیگەرانییەکانی جێندەری لە بەرنامەکانی پەروەردەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە تیمۆر لێستێ بووبێت. لە بەرامبەردا، لە دوای ململانێکان کوڕان ئەگەری تەواوکردنی خوێندنی سەرەتایی تا ساڵی ٢٠٠٧ زۆر کەمتر بووە بەتایبەتی لەنێو ئەو کوڕانەی کە لە پۆلەکانی کۆتایی قۆناغی سەرەتاییدا دەخوێنن. بەڵگەکان ئەوە پیشاندەدەن کە ڕەنگە پێداویستییە ئابورییەکانی خەڵک بووەتە هۆی وازهێنانی کوڕان لە خوێندن، ئەمەش ڕەنگە کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەو ململانێیە لەسەر خوێندنی کوڕان ڕون بکاتەوە. هەروەها ئەگەرێکی دیکەش هەیە، کە ژمارەیەک لە کوڕانی گەنج وازیان لە خوێندن هێنابێت بۆ ئەوەی پەیوەندی بە گروپە چەکدارەکانەوە بکەن.

زۆرتریلیان تەنها خوێندنی قوتابخانەی سەرەتاییان هەیە (Justino & Salardi, 2014). بەڵام ئەم بارودۆخە لە دانیشتوانی ناو کەمپەکانی کۆسۆڤۆ جیاوازە، لە توێژینەوەیەکی دیکە دا کە سەبارەت بە دۆخی ئاوارەکانی ناوخۆ لە کۆسۆڤۆ: هەڵسەنگاندنی ڕێگای چارەسەری بەردەوام بۆ ئاوارەبووەکان لە کۆسۆڤۆ لە ساڵی (٢٠١٨) ئەنجامدراوە لە لایەن گروپی بەڕێوەبردنی پرۆفایلینگ. دەریدەخات کە ئاوارەکان ڕێژەی ئامادەبوونی قوتابخانەیان کەمترە بە بەراورد بە دانیشتوانی گشتی کۆسۆڤۆ، و ژنان بە گشتی دەستڕاگەیشتنیان بە خوێندن کەمترە لە پیاوان (Profiling Management Group, 2018).

لەلایەکی دیکەوە، بینجامین پییەر و هاوکارەکانی توێژینەوەیەکیان لە ساڵی (٢٠٢٠) ئەنجامداوە لەسەر هۆکارەکانی پەیوەست بە دەرئەنجامی فێربوون بۆ منداڵان لە کەمپەکانی کاکوما، کە دەکەوێتە باکوری ڕۆژئاوای ناوچەی تورکانا لە کینیا. توێژەران دەرئەنجامەکانی خوێندەواری سەرەتایی بۆ منداڵانی قوتابخانە سەرەتاییەکان لە ئۆردوگای پەنابەران دەردەخەن، لەگەڵ ئاکامەکانی خەڵکی کینیا لە دەرەوەی ئۆردوگاکان بەراورد دەکەن، بە ئاماژەیەکی تایبەت بە منداڵانی کۆمەڵگەی میواندار لە ناوچەی تورکانا، کە دەرکەوتووە ئارەزوی خوێندن لەناو کەمپەکان زیاترە، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە خەڵکی بە زۆر ڕاگوێزراو بۆ کەمپەکان مەیل و ئارەزوی

خوێندیان زیاترە لە کۆمەڵگەی میواندار یان خانەخوێی نیشتەجێی نزیک ئوردوگاکان (Piper et al, 2020).

یەکێک لە سیاسەتی حکومەتەکان بریتییە لە تێکەڵکردنی ئاوارەکان و خەڵکی ئوردوگاکان لە پرۆسەی خوێندن، بۆ ئەم مەبەستە سیاسەتی حکومەتی رواندا بریتیی بووە لە تێکەڵکردنی پەنابەران لە قوتابخانە ناوخۆییەکان (لەو شوێنانەی کە بتوانرێت) و ئاسانکارییەکان بە دروستکردنی پۆلەکان، دابینکردنی مامۆستای زیادە و کەرەستەی تەواوکەر. لەسەر ئەم بابەتە ئۆزگێ بیلگیلی و هاوکارەکانی توێژینەوەیەکیان لەسەر کاریگەریی خەڵکی ڕاگوێزراو لەسەر خەڵکی نیشتەجێی نزیک ئۆردوگاکان لە ڕوی پەروەردەوە ئەنجامداوە. توێژینەوەکە ئەوە دەردەخات کە خەڵکی ناوچەکە کە لە نزیک کەمپەکان نیشتەجێن، زیاتر بۆچوونی ئەرێنییان هەیە سەبارەت بە کاریگەرییەکانی پەنابەران لەسەر پەروەردەی ناوخۆیی. هەروەها، توێژەران بەو ئەنجامە دەگەن کە هاتنی پەنابەران لە کۆماری دیموکراتیکی کۆنگۆوە بۆ ڕواندا کاریگەریی ئەرێنی گشتی لەسەر پەروەردەی ئەو منداڵانە هەیە، کە لە ناوچەکانی دەوروبەری کەمپەکانی پەنابەران نیشتەجێن (Bilgili et al, 2018). لە توێژینەوەیەکی دیکەدا سەبارەت بە دۆخی ژنان و کچان لە کاتی ڕاگواستنی زۆرەملێ و کۆکردنەوەیان لە کەمپەکان کە لەلایەن کۆمەڵێک توێژەر ئەنجامدراوە لە ساڵی (٢٠٢٠). باس لە زیادبوونی ئاستەنگەکانی بەردەم پەروەردە دەکەن. زۆرجار ئاوارەبوون نۆرمەکۆمەڵایەتییەکانی جیاکاری ڕەگەزی زیاتر دەکەن بە جۆرێک خۆی لە بێ بەهاکردنی خوێندنی کچان دەبینێتەوە، لەگەڵ توندوتیژی ڕەگەزیی، هاوسەرگیری پێشوەختە و دوگیانی، بەربەست لەبەردەم فێربوون دروست دەکەن. بەڵام، نیشتەجێکردن لە کەمپێکەوە بۆ ناوچەیەکی شار، یان تەنانەت بۆ کەمپێکی سەرچاوەی باش، هەندێکجار دەستڕاگەیشتن بە خوێندنی منداڵان باشتر دەکات (Cazabat et al, 2020).

## 2. ڕاگواستن و کەمپە زۆرەملێیەکان و گۆڕانکارییەکانی خێزان و پرۆسەی هاوسەرگیری

یەکێکی دیکە لە کاریگەرییەکانی ڕاگواستن و کەمپە زۆرەملێییەکان گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانن بۆ نموونە گۆڕانکارییەکانی هاوسەرگیری. لەم بارەیەوە، لە ساڵی (٢٠١٨) مایا سیڤەردینگ و هاوکارانی، توێژینەوەیەکیان دەربارەی گۆڕانکارییەکانی هاوسەرگیری و ئاکامەکانی منداڵبوون لە نێوان پەنابەرانی سوری لە کەمپەکانی ئوردن و خەڵکی ئوردن ئەنجام داوە. توێژەران هەوڵیانداوە ئاکامەکانی پەنابەرانی سوری لە ئوردن لەگەڵ ئاکامەکانیان لە سوریا پێش شەڕ (٢٠٠٥- ٢٠٠٩) بخەنەڕو. توێژەران گەیشتون بەو ئەنجامەی کە شێوازی هاوسەرگیری لە نێوان پەنابەرانی سوریادا بەهۆی دابەشبوونیان بەسەر کەمپ و شوێنی جیاواز و تێکەڵاوبوونیان لە نێوان خۆیاندا، گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بەجۆرێک پەنابەرانی سوری زوتر لە ئوردنییەکان پرۆسەی هاوسەرگیریان ئەنجامداوە. لەلایەکی دیکەوە، ڕێژەی هاوسەرگیری پێشوەختە (پێش تەمەنی ١٨ ساڵ) لە نێوان ژنانی پەنابەری سوریادا تاڕادەیەک بەرز بووە، بەڵام هیچ بەڵگەیەک نەبووە کە ئەمە نوێنەرایەتی گۆڕانکاری لە شێوازەکانی هاوسەرگیریدا بکات لەو کاتەوەی لە ئوردن بوون.

سەبارەت بە وەچەخستنەوە توێژینەوەکە دەریخستوە کە وەچەخستنەوە لە نێوان سوریەکانی ناو کەمپەکان ڕێژەی منداڵبوونیان زیاترە (٤.٤ لەدایکبوون بۆ هەر ژنێک لە ساڵی ٢٠١٦) بە بەراورد بە ئوردنییەکان. لە هەمانکاتدا، گۆڕانکاریەکی بنەڕەتی بەسەر شێوازی هاوسرگیریدا هاتووە کە ڕاگواستن و ئاوارە بوون، هاوسەرگیری ناوەخۆیی بووە بەتایبەت لە ناو دانیشتوانی دەروەی شارەکان، بەڵام لە دوای ڕاگواستن و ئاوارە بوون، هاوسەرگیری دەرەکی هەبووە لە نێوان پەنابەرانی سوری و تەنانەت لەگەڵ ئوردنیەکانیش. ئەمەش گۆڕانکارییەکی بەرچاوە لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا بەدیدەکرێت چ لە نێوان ئەوانەی لە کەمپەکاندا نیشتەجێن، ئەوانەشی لە دەرەوەی کەمپەکان نیشتەجێن (Sieverding et al, 2018).

لەلایەکی دیکەوە، لە ساڵی (٢٠١٨) توێژینەوەیەک سەبارەت بەهاوسەرگیری پێشوەختە و زۆرەملێ لە نێوان کچانی پەنابەری سوریادا لە کەمپە زۆرەملێیەکان لە تورکیا ئەنجامدراوە. باس لەوە دەکات،هەرچەندە هاوسەرگیری منداڵان لە سوریا پێش جەنگ (لەسەدا ١٣ی کچانی خوار ١٨ ساڵ لە ٢٠٠٦ دا هاوسەرگیریان کردووە)، بەڵام پێدەچێت ئاوارەبوونی زۆرەملێ ڕێژەکەی زیادکردبێت (نزیکەی لەسەدا ٣٥ی کچانی پەنابەری سوری/ پێش تەمەی ١٨ ساڵ هاوسەرگیریان کردووە). ئەم توێژینەوەیە بە بەکارهێنانی ڕێبازی میتۆدی تێکەڵاو، لەو هۆکارانە دەکۆڵێتەوە کە بەشدارن لە هاوسەرگیری منداڵان لەنێوان پەنابەرانی سوریا لە کەمپەکانی لوبنان. توێژینەوەکە لەسەر بنەمای زیاتر لە ١٤٠٠ چیرۆک سەبارەت بە ئەزمونی کچانی سوریا لە کەمپەکانی زۆرەملێیی لوبنان، کە لەسەدا ٤٠ی چیرۆکەکان باسیان لە هاوسەرگیری پێشوەختە کردووە یان توێژەران بۆیان دەرکەوتووە؛ کە سەختی دارایی، نەبوونی دەرفەتی خوێندن، و نیگەرانییەکانی سەلامەتی سەبارەت بە توندوتیژی سێکسی و جێندەری (SGBV) وەک هۆکارە بنەڕەتییەکانی هاوسەرگیریی پێشوەختە دەستنیشان دەکرێن (Bartels et al, 2018).

هەروەها لە توێژینەوەکدا، لایەنێکی سەرنجراکێش دەردەکەوێت کە جێگەی بایەخە بۆ تێگەیشتن لە بۆچوونی دایکان و باوکان سەبارەت بە هاوسەرگیریی پێشوەختە لە کەمپەکان. توێژینەوەکە دەریخستووە کە دایکان و باوکان جەخت لەسەر هۆکارە بنەڕەتییە جیاوازەکان دەکەنەوە. بەجۆرێک پیاوان بە شێوەیەکی باو باسیان لە هاوسەرگیریی پێشوەختە دەکرد وەک ستراتیژییەکی ڕووبەڕووبوونەوەی دارایی؛ زۆرجار باوکان هاوسەرگیریی پێشوەختەیان وەک وەڵامێک بۆ بارودۆخی ئابوری ناڵەبار و نیگەرانییەکانی سەلامەتی لە کۆمەڵگەدا سەیر کردووە. بەڵام ژنان و کچان زیاتر چیرۆکەکانیان وەک پاراستن/ئاسایش و پەروەردە دەستنیشان کردووە و زۆرتر هاوسەرگیریی منداڵانیان وەک ڕێگەیەک بۆ پاراستنی کچەکانیان لە توندوتیژی و هەراسانکردنی سێکسی و ڕەگەزیی بینیوە. لەگەڵ ئەوەشدا، هەردولا دانیان بە کاریگەرییە نەرێنییەکانی هاوسەرگیریی پێشوەختەی کچەکانیان دانا.

توێژەران بەو ئەنجامە گەیشتون کە چەندین هۆکار بەشدارن لە هاوسەرگیریی پێشوەختە لەوانە هەژاری، نەبوونی دەرفەتی خوێندن، نیگەرانی سەبارەت بە توندوتیژی سێکسی و جێندەری؛ توێژەران پێشنیازی ئەوە دەکەن: (ا) ستراتیژی تایبەت بە ڕەگەز بۆ کەمکردنەوەی هاوسەرگیریی منداڵان، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ژن و پیاو بە شێوەیەکی جیاواز هەستیان بە هاوسەرگیریی منداڵان کردووە، و بەشداریکردنی ژن و کوڕ دەبێت بەردەوام بێت لە بڕیاردان؛ (ب) دەستێوەردانی گشتگیر بۆ چارەسەرکردنی هاوسەرگیریی منداڵان، لەوانەش ستراتیژییە ئابوری، کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی و خێزانییەکان؛ و (ج) ستراتیژییەتی تایبەت بۆ باشترکردنی سەلامەتی بۆ کچانی ناو کەمپەکان وەک شوێنی سەلامەت و شێوازی سەلامەتی گواستنەوە، کە بتوانن پەیوەندی کۆمەڵایەتییان هەبێت و دەستیان بە پشتیوانی بگات (Bartels et al, 2018).

## 3. ڕاگواستنی ناوخۆیی و نیشتەجێبوون لە کەمپەکان پەیوەندی بە دۆخی ژنان

توێژینەوەیەکی دیکە سەبارەت بە کچان و ژنان لە دۆخی ڕاگواستنی ناوخۆیی و نیشتەجێبوونیان لە کەمپەکان کە لە لایەن کەزابەت و هاوکارەکانی لە ساڵی (٢٠٢٠) ئەنجامدراوە، کە جەخت لە سەر کاریگەرییەکانی ڕاگواستن لەسەر ژنان و کچان کراوە لە کاتی ڕاگواستنی زۆرەملێیی ناوخۆیی و دواتر کۆبوونەوەیان لە کەمپەکان. توێژینەوەکە تیشک دەخاتە سەر باوترین کاریگەرییەکانی ڕاگواستنی ناوخۆیی لەسەر ژنان و کچان، لەوانە:

• کاریگەریی بەردەوام لەسەر توانای ژنان بۆ دەستڕاگەیشتن و پاراستنی بژێوی ژیان. لە کاتێکدا هەردو ڕەگەزی نێر و مێ زۆرجار کێشەیان بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانیان لە ناوچە میواندارەکاندا (کەمپەکان) هەیە، توێژینەوەکان لە ئەسیوپیا و کینیا نیشانیدەدەن کە لە کاتی ڕاگواستن و نیشتەجێبوونیان لە کەمپەکان ژنان ڕووبەڕووی ئاستەنگی زیاتر دەبنەوە (Cazabat et al, 2020).

توێژەران گەیشتون بە دەرەنجامێکی دیکە کە جیابوونەوە یان لەدەستدانی پیاوی خێزان لەوانەیە ژنان وەک سەرۆکی ماڵ بەجێبهێڵێت، ئەمەش فشاری دارایی و نائەمنی زیاد دەکات. لەو وڵاتانەی کە ژنان مافی یاساییان نییە بۆ خاوەندارێتی یان بەکرێدانی موڵک، ژنانی ئاوارە لە کۆتاییدا لە کەمپەکان یان شوێنی نیشتەجێبوونی نافەرمیدا بژین کە دەرفەتی بژێوی کەمیان لەبەردەستدایە (Cazabat et al, 2020). ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم ئەنجامە، دەتوانین هەمان بارودۆخ ببین لە ڕاگواستنی خەڵکی کوردستان و نیشتەجێکردنیان لە کەمپە زۆرەملێیەکان. کە ژنان ڕۆڵی سەرۆکی خێزانەکانیان دەبینی دوای ئەوەی کە پیاوەکانیان لەلایەن ڕژێمی بەعس ئەنفال کران بە تایبەت لە کاتی ڕاگواستنی زۆرەملێی بارزانییەکان بۆ کەمپەکان دواتر کۆکردنەوەی پیاوەکانیان و ئەنفالکردنیان. هەروەک توێژەران ئیبراهیم سادق مەلازادە و میدیا ئیبراهیم لە توێژینەوەیەکیان بە ناونیشانی 'ڕۆڵی جێندەری و فێمینیزم: ئەزمونی دایکانی تاقانەی بارزانی' لە ساڵی (٢٠٢٣) بڵاوکراوەتەوە باس لەوە دەکەن کە دوای ئەنفالکردنی ڕەگەزی نێری بارزانییەکان، ئافرەتەکان ڕۆڵی سەرۆک خێزانیان بینیوە (Ibrahim & Sadiq, 2023).

هەر سەبارەت بە توێژینەوەی پێشوتر کە سەبارەت بە کچان و ژنان لە دۆخی ڕاگواستنی ناوخۆیی و نیشتەجێبوونیان لە کەمپەکان بوو، توێژەران باس لە بەرزبوونەوەی مەترسی توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەری دەکەن، کە کچانی ڕاگوێزراو کە لە کەمپەکاندا دەژین ڕووبەڕووی بازرگانیکردن دەبنەوە و کەمپەکان بە تایبەتی ژینگەیەکی دوژمنکارانەن بۆ ژنان و کچان بەهۆی بوونی پیاوە چەکدارەکان و تێکچونی بارودۆخی نیشتەجێبوون کە ئاوارەکان زیاتر بەرەوڕووی دەستێوەردان و هێرش دەبنەوە. هەندێک لە توێژینەوەکان ئاماژە بە زیادبوونی توندوتیژی خێزانی دەکەن دوای ڕاگواستن. لەوانەیە ژنان و کچان ناچار بکرێن بەشداری سێکسی مامەڵەیی بکەن بۆ ئەوەی بژین، لەگەڵ مەترسییەکانی توندوتیژی و دەستدرێژی زیاتر. نائارامی ڕەنگە کچان ناچاربکەن لەبری ئەوەی بچنە قوتابخانە لە ماڵەوە بمێننەوە، هەلی بژێوی ژیان کەم بکاتەوە، هەروەها ڕێگری لە کچان و ژنان بکات لە دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان و بەشداریکردن لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا. کچانی هەرزەکار مەترسی هاوسەرگیریی زویان لەسەرە، کە کاریگەرییە توند و درێژخایەنیشی هەیە (Cazabat et al, 2020).

سەبارەت بە چاودێری تەندروستی کۆمەڵێک توێژەر توێژینەوەیەکیان لە کەمپەکانی نایجیریا لە ساڵی (٢٠١٩) بڵاوکردۆتەوە بە ناونیشانی ' وردبینییەک لە دابینکردنی چاودێری تەندروستی لە ئۆردوگاکانی دانیشتوانی ڕاگوێزراوە ناوخۆییەکان لە نەیجیریا' ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی کەمپەکان بوو لەگەڵ شوێنە هاوشێوەکانی کەمپی ئاوارەبووەکان لە نەیجیریا؛ بۆ هەڵسەنگاندنی ئەوەی کە ئایا بەڕێوەبردن و ڕێکخستنەکانیان ستاندارده نێودەوڵەتییەکانی بەدیهێناوە، لەگەڵ گرنگیدانێکی تایبەت بە کاریگەرییە تەندروستییەکان. داتاکان لە نۆ کەمپ لە سەرانسەری حەوت ویلایەت کۆکراونەتەوە. توێژینەوەکە گەیشتووە بەو ئەنجامەی کە تاڕادەیەک ستانداردەکان جێبەجێ کراون، لەوانەش بەردەستبوونی ئاو و شوێنی حەوانەوە. پاکوخاوێنی و کوتان لە پێنج کەمپ، لەبەرامبەردا قەرەباڵغییەکی زۆر لە پێنج کەمپدا، فرێدانی پاشماوەی پێویست لە هەموو کەمپەکاندا. جێبەجێکردنی بەرنامەی تەندروستی نایەکسان. نایەکسانی لە دابەشکردنی پشتیوانی مرۆیی لە هەموو کەمپەکاندا، کە دەتوانێت ببێتە هۆی ئەگەری زیاتری توشبوون بە نەخۆشییە پەیوەندیدارەکانی ئاو، خۆراک و هەوا و لە ئەنجامدا، کوالیتی ژیانێکی خراپتر بۆ ئاوارەکان. توێژەران بەو ئەنجامە دەگەن کە دڵنیابوون لە هەڵسەنگاندنە تەندروستییە ستانداردەکان دەتوانێت دابەشکردنی یەکسانی سەرچاوەکان لە سەرانسەری شوێنەکانی IDP ڕاگواستنی ناوخۆیی مرۆڤەکان بەرەوپێش ببات (Ekezie et al. 2019). بەڵام ئەمە لە ناو کەمپەکانی کۆسۆڤۆ جیاوازترە، بەوەی کە زۆرێک لە دانیشتوانی ناو کەمپەکانی زۆرەملێیی کۆسۆڤۆ ڕاپانگەیاندووە کە کێشەیان بۆ دەستڕاگەیشتن بە چاودێری تەندروستی هەیە (Profiling Management Group, 2018).

## 4. کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکانی ڕاگواستنی زۆرەملێ لەسەر کۆمەڵگە میواندارەکان

کاریگەریی ڕاگواستنی زۆرەملێ و کۆکردنەوەیان لە کەمپەکان لەسەر کۆمەڵگە میواندارەکان قووڵ و فرەلایەنەیە، کاریگەریی لەسەر ڕەهەندە کۆمەڵایەتی، ئابوری و کەلتورییەکان هەیە. لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، لێشاوی تاکەکانی ڕاگوێزراو دەتوانێت گوشار بخاتە سەر خزمەتگوزارییە گشتییەکان، وەک چاودێری تەندروستی، پەروەردە و خانوبەرە، زۆرجار دەبێتە هۆی قەرەباڵغی و کەمیی سەرچاوە. لە ڕووی ئابورییەوە، کۆمەڵگە میواندارەکان لەوانەیە هەم کاریگەریی ئەرێنی و هەم کاریگەریی نەرێنییان هەبێت. لە لایەکەوە هاتنی ئاوارەکان دەتوانێت ئابوری ناوخۆییەکان لە ڕێگەی زیادبوونی خواست لەسەر کاڵا و خزمەتگوزارییەکان هان بدات. لە لایەکی دیکەوە، دەتوانێت ببێتە هۆی کێبڕکێ لەسەر هەلی کار، کە ئەگەری هەیە کرێ دابەزێنێت و بێکاری لەنێو دانیشتوانی ناوچەکەدا توندتر بکات.

لە ڕووی کەلتورییەوە، ناساندنی گروپە جۆراوجۆرەکان دەتوانێت کۆمەڵگەی میواندار دەوڵەمەند بکات بە هێنانی دیدگا و نەریت و لێهاتویی نوێ. بەڵام ئەگەر سیاسەتەکانی یەکگرتن ناتەواو بێت یان جیاوازییەکی بەرچاوی کەلتوری هەبێت، دەتوانێت ببێتە هۆی گرژی و ململانێی کۆمەڵایەتی. سەرەڕای ئەوەش، گۆڕانکارییە دیمۆگرافییە لەناکاوەکان دەتوانن تەحەدای ناسنامە کۆمەڵایەتییەکانی ئێستا و یەکگرتویی کۆمەڵایەتی بکەن، کە دەبێتە هۆی بەرەنگاربوونەوە یان ناڕەزایی لە نێوان دانیشتوانی خانەخوێدا. سیستەمی بەڕێوەبردن و پشتیوانی کاریگەر زۆر گرنگە بۆ کەمکردنەوەی

ئەم کاریگەرییانە، دڵنیابوون لەوەی کە هەردو تاکی ئاوارە و کۆمەڵگەی میواندار دەتوانن سودمەند بن لە کارلێکەکە. لە ڕێگەی سیاسەتی گشتگیرەوە کە یەکگرتن و هاوسەنگی کۆمەڵایەتی و هاوکاری ئابوری بەرەوپێش دەبەن، دەتوانرێت کاریگەرییە نەرێنییەکانی ڕاگواستنی زۆرەملێ کەم بکرێتەوە، ئەمەش پەرە بە خۆڕاگری و دەوڵەمەندکردنی یەکتر دەدات. لەم بارەیەوە توێژەران ڤێرمێ و شوێتلێر لە ساڵی (٢٠٢١) توێژینەوەیکی هاوبەشیان سەبارەت بە کاریگەریی ڕاگواستنی زۆرەملێ لەسەر کۆمەڵگە میواندارەکان: پێداچونەوەیەک بە ئەدەبیاتی پێشو لە بواری ئابوریدا، ئەنجامدا.

توێژینەوەکە ٤٩ توێژینەوەی چەندایەتی دەخاتە بەر لێکۆڵینەوە، کە کاریگەرییەکانی ڕاگواستنی زۆرەملێ لەسەر کۆمەڵگە میواندارەکان دەخەملێنن. توێژینەوە پێداچونەوەکراوەکان ١٧ قەیرانی گەورەی ئاوارەبوونی زۆرەملێ دەگرێتەوە، کە لە نێوان ساڵانی ١٩٢٢ بۆ ٢٠١٥ ڕوویانداوە. هەروەها توێژەران شیکارییەکی گەورە بۆ ٧٦٢ ئەنجامی توێژینەوەکان ئەنجام دەدەن کە لە پێداچوونەوەکان دا بۆیان دەردەکەوێت:

نزیکەی نیوەی ئەنجامەکان لەسەر داهات، بەکاربردن یان سامان ئاماژەن بۆ باشتربوونی پاک لە خۆشگوزەرانی ماڵەکاندا. لەسەدا ٤٥-٥٢ی ئەنجامەکان ئەرێنی و گرنگن، لەسەدا ٣٤-٤٢ی ئەنجامەکان ناگرنگن. بەگشتی، شۆکی ڕاگواستنی زۆرەملێ خەڵک و نیشتەجێبوونیان لە کەمپەکاندا ئەنجامێکی نەرێنی بۆ کۆمەڵگە خانەخوێیەکان دەبێت، کەمتر لە سەدا ٢٠ دایە. هەروەها، زۆرینەی ئەنجامەکان لەسەر دامەزراندن و موچە گرنگ نین. بە گشتی، ئەگەری قەیرانی ڕاگواستنی زۆرەملێ کە لە ئەنجامدا کاریگەریی نەرێنی لەسەر دامەزراندن بۆ دانیشتوانی خانەخوێ لە خوار لەسەدا ٢٥دایە.

سەرەرای ئەمەش، ئەنجامەکان لەسەر نرخی بەرهەمەکان ڕەفتاری ناهاوسەنگ لە سەرانسەری جۆرەکانی بەرهەمدا نیشان دەدەن. لەسەدا ٣٧-٤٦ ئەنجامەکان ئەرێنی و گرنگن، لەسەدا ١٨-٢٣ ناگرنگ، بە گشتی قەیرانی ئاوەرەبوونی زۆرەملێ و کەمپەکان گۆڕانکاری بەرچاو لە نرخەکاندا دروست دەکەن. ئەگەری ئەرێنی یان نەرێنی ئەم گۆڕانکاریانە بە نزیکەیی هاوشێوەیە، بەڵام پەیوەندی بە جۆری بەرهەم یان خزمەتگوزارییەوە هەیە کە چاودێری دەکرێت. نرخی خۆراک و کرێی خانو زیاتر بەرز دەبێتەوە لە کاتێکدا نرخی بەرهەم و خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان زیاتر دابەزینیان هەیە. بە گشتی، کەمتر لە یەک ئەنجام لە پێنج ئەنجام دەتوانرێت بە نەرێنی هەژمار بکرێت بۆ کۆمەڵگە میواندارەکان (Verme & Schuettler, 2021). ئەمەش ئەوە دەردەخات کە لە هەندێکبار و هەندێک شوێندا ڕاگواستنی زۆرەملێی خەڵک بۆ کەمپە زۆرەملێییەکان کاریگەریی ئەرێنی زیاتر لەسەر کۆمەڵگە مێوانداریەکان لە هەندێک لایەنەوە دادەنێت.

یەکانگیریی کۆمەڵایەتی یەکێکی دیکەیە لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان و کەلتوریەکانی کەمپە زۆرەملێییەکان. یەکگرتنی کۆمەڵایەتی خەڵکی کەمپەکان لەگەڵ کۆمەڵگە میواندارەکان زۆر گرنگە بۆ پەرەپێدانی یەکگرتویی و سودی یەکتر. یەکگرتنی کۆمەڵایەتی سەرکەوتو پێویستی بە چوارچێوەیەکی بەهێز هەیە، کە کارلێک و لێکتێگەیشتن و هاوکاری نێوان ڕاگوێزراوان و خەڵکی ناوچەکە بەرەوپێش ببات. پەروەردە ڕۆڵێکی چارەنوسساز دەگێڕێت، چونکە قوتابخانەکان دەتوانن وەکو دەفرێکی توانەوە کاربکەن کە منداڵانی هەردو کۆمەڵگاکە پێکەوە فێر ببن و گەشە بکەن (Ager & Strang, 2008). هەروەها دەرفەتی دامەزراندن زۆر گرنگە، کە پەنابەران دەتوانن لە ڕوی ئابوری و کۆمەڵایەتییەوە بەشداری بکەن، بەمشێوەیە وابەستەیی کەم دەکاتەوە و هەستکردن بە سەربەخۆیی زیاتر دەکات (Phillimore & Goodson, 2008). لەلایەکی دیکەوە، ئەو بەرنامە کۆمەڵایەتیانەی کە هاندەری ئاڵوگۆڕی کەلتوری و چالاکییە هاوبەشەکانن دەتوانن کەلێنەکان پڕبکەنەوە. بەڵام، ئاڵنگاری یەکگرتن بەهۆی بەربەستی زمان، جیاوازی کەلتوری، و هەندێکجار دوژمنایەتی یان جیاکاری لە کۆمەڵگە میواندارەکان بەردەوامن (Colic-Peisker & Tilbury, 2007). چارەسەرکردنی ئەم پرسانە لە ڕێگەی سیاسەتی گشتگیر و پشتیوانی ئامانجدار دەتوانێت یەکگرتنی کۆمەڵایەتی بەرز بکاتەوە، کە سودی بۆ هەردولا هەبێت.

لەمبارەیەوە، لە ساڵی (٢٠١٧) ئاهیمبیسیبوێ و هاوکارەکانی توێژینەوەیەکیان بڵاوکردەوە دەربارەی یەکگرتنی ناوخۆیی وەک چارەسەرێکی بەردەوام، دۆسیەی پەنابەرانی ڕواندا لە ئۆگاندا. ئەم توێژینەوەیە بژاردەکانی چارەسەری بەردەوام بۆ نزیکەی ١٧ هەزار ڕاگوێزراوی ڕواندا لە کەمپەکانی ئۆگاندا لەبەرچاو دەگرێت، و دەڵێت سیاسەتێک کە ئاسانکاری بۆ یەکگرتنی ناوخۆیی بکات بژاردەی پەسەندکراوە بۆ زۆرێک لە پەنابەرانی ڕواندا لە ئۆگاندا. بە لەبەرچاوگرتنی دیدگای پەنابەرانی ڕواندا، توێژەران بەربەستەکانی بەردەم یەکگرتنی کۆمەڵایەتی شیدەکەنەوە، لەوانە: (١) ترسی پەنابەران لە لەدەستدانی کەلتور یان زمانەکەیان؛ (٢) کەمی سەرچاوەکان، بەتایبەتی زەوی؛ (٣) نارەزایی یان بێگانەپەرستی کە بەهۆی کێبڕکێ لەسەر دامەزراندن و زەوی و گوشاری زیاتر لەسەر ژێرخانی و خزمەتگوزارییەکان (٤) ئەو تێڕوانینەی کە لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان پشتگیری لە یەکگرتنی ناوخۆیی ناکەن؛ و (٥) بەربەستی یاسایی لەبەردەم هاووڵاتیبوون (Ahimbisibwe et al., 2017).

لە لایەکی دیکە، توێژینەوەیەکی دیکە سەبارەت بە " یەکگرتویی کۆمەڵایەتی و ڕاگواستنی زۆرەملێ" بڵاوکراوەتەوە لە لایەن توێژەران جوانە دیبێری و ئەندریۆ رۆبێرت. توێژینەوەکە لە چەمکی یەکگرتویی کۆمەڵایەتی دەکۆڵێتەوە بەو پێیەی پەیوەندی بە ڕاگواستنی زۆرەملێییەوە هەیە. تیشک دەخاتە سەر کاریگەرییەکانی ئاوارەبوونی زۆرەملێ لەسەر یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی: چەندین هۆکار هەن کە نێوەندگیری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن لە چوارچێوەی ڕاگواستنی زۆرەملێدا لەوانە: ناسنامە؛ پەیوەندییەکانی پێشوەختە لە نێوان ئاوارە و خانەخوێدا، ئامادەیی کۆمەڵگەکان بۆ میواندارێکردنی خەڵکی ڕاگوێزراو؛ ماوەی مانەوە؛ نایەکسانی لە نێوان گروپە جیاوازەکاندا کە بەهۆی ڕاگواستنی زۆرەملێییەوە کاریگەرییان لەسەرە؛ شێوازەکانی نیشتەجێبوون (De-Berry and Roberts, 2028).

بزاوتی کۆمەڵایەتی (Social Mobility) یەکێکی دیکە لە بابەتە گرنگەکانی نێوان خەڵکی ڕاگوێزراو بۆ کەمپە زۆرەملێییەکان، کە ئاماژەیە بۆ توانای تاکەکان یان گروپەکان بۆ جووڵە و گواستنەوە لەناو پلەبەندییەکی کۆمەڵایەتیدا، کە دەتوانرێت لە ژێر کاریگەری هۆکارەکانی وەک خوێندن، دەرفەتی کارکردن و سیاسەتە کۆمەڵایەتییەکان بێت (Hout, 2015). بەرزبوونەوەی بزاوتی کۆمەڵایەتی گەشەی ئابووری و یەکسانی کۆمەڵایەتی بەرەوپێش دەبات بە ڕێگەدان بە بەرزبوونەوەی بەهرە بەبێ گوێدانە پاشخان.

بزاوتی کۆمەڵایەتی خەڵکی ڕاگوێزراو زۆرجار چەندین بەربەستی دێنە پێش لەوانە سنوردارکردنی یاسایی، نەبوونی دەستڕاگەیشتن بە خوێندن و دەرفەتە ئابورییە سنوردارەکان. سەرەڕای ئەم بەربەستانە، هەندێک لە تاکەکانی ناو کەمپەکان لە

ڕێگەی خۆڕاگری، پشتگیری کۆمەڵگە و دەستێوەردانی ئامانجدارەوە بزاوتی کۆمەڵایەتی بەرەو سەرەوە بەدەست دەهێنن (Jacobsen & Fratzke, 2016). بەرنامەکانی یەککگرتن کە گرنگی بە پەرەپێدانی کارامەیی، بەدەستهێنانی زمان، و پشتگیری دامەزراندن دەدەن دەتوانن بە شێوەیەکی بەرچاو بزاوتی کۆمەڵایەتییان بەرز بکەنەوە، ئەمەش وایان لێدەکات بەشدارییەکی کارایان هەبێت، له کۆمەڵگە میواندارەکانیان و دۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی خۆیان باشتر بکەن (Betts et al., 2017).

سەبارەت بەم باسە، بە پاڵپشتیی بانکی جیهانی (World Bank) توێژینەوەیەک ئەنجامدراوە کە باس لە بزاوتی کۆمەڵایەتی خەڵکی ناو کەمپەکان لە سووریا دەکات، کە لە (٢٠٢٠) ئەنجامدراوە. کە توێژینەوەکە چوار گروپ لەو هۆکارانەی کاریگەرییان لەسەر بزاوتی کۆمەڵایەتی پەنابەران هەیە دەخاتەڕو: (١) ئاشتی، ئاسایش و پاراستن؛ (٢) دەرفەتی بژێوی و ئابوری؛ (٣) خانوبەرە، زەوی و موڵک؛ و (٤) ژێرخانی و دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییەکان. ئەم هۆکارانە ڕۆڵێکی کاریگەر لە بزاوتی کۆمەڵایەتی خەڵکی ڕاگوێزراو بۆ کەمپەکان دەبینن. هەروەها، توێژینەوەکە باس لە هۆکارەکانی گەڕانەوەی خەڵکی ناو کەمپەکان دەکات بۆ زێدی خۆیان، بەجۆرێک باس لەوە دەکات کە ئەو پەنابەرانەی کە پێگەی ئابوری کۆمەڵایەتی بەرزتریان هەیە، لەوانەیە مەیلی زیاتریان بۆ گەڕانەوەی زوتر هەبێت لە چاو ئەو گروپە ئابوری-کۆمەڵایەتیانەی کە بەهۆی ئاوارەبوونەوە هەژار بوون. مەرج نییە پەنابەرانی گەڕاوە بگەڕێنەوە بۆ شوێنی ڕەسەنی خۆیان، تەنانەت بە هاوکاری یەککگرتنەوەش- پەنابەرانی بەڕەچەڵەک گوندنشین زیاتر لە شارەکان نیشتەجێ دەبن (The World Bank, 2020).

هەر دەربارەی جوڵە و گەڕانەوەی خەڵکی ناو کەمپەکان بۆ زێدی خۆیان توێژینەوەیەک لە لایەن یدی-جێنسن و هاوکارانی ئەنجامدراوە سەبارەت بە خەڵکی ئاوارەبووی ئەفغانستان: دۆخی کۆمەڵایەتی-ئابوری لە نێوان ساڵانی ٢٠١٣-٢٠١٤. توێژینەوەکە بەراوردکردنی پرۆفایلی ئابوری-کۆمەڵایەتی خەڵکی گەڕاوە و خانەخوێی ئاوارە نەبوو. توێژینەوەکە گەورەترین ڕاپرسی گەڕانەوەی ئەفغانییەکان دەگرێتەوە لە دوای ڕوخانی تاڵیبان لە ساڵی ٢٠٠٢. ئەنجامەکان دەریدەخەن: سەختی دۆخی ئابوری-کۆمەڵایەتی بەرفراوان کە کاریگەریی لەسەر زۆربەی چینەکانی کۆمەڵگەی ئەفغانستان هەیە. بەم هۆیەوە، خەڵکی گەڕاوە زیاتر شارنشین بوون لە گروپەکانی تر. نزیکەی نیوەی (لەسەدا ٤٥)ی گەڕاوەکان چوونە ناوچە شارییەکان بۆ ژیانکردن. هەروەها، دەستکەوتی خوێندن لە سەرانسەری هەموو گروپەکاندا زۆر نزم بوو (زیاتر لە لەسەدا ٥٠ خوێندنی فەرمییان نەبووە، تەنها لەسەدا ٣٥ دەیانتوانی بخوێننەوە یان بنوسن). خاڵێکی دیکەی گرنگ ئەوەیە، کە خەڵکی گەڕاوە دو هێندە زیاتر ئەگەری بەکارهێنانی ئینتەرنێتیان هەبووە بە بەراورد بە ئەندامانی گروپەکانی تر، کە پێدەچێت پەیوەندی بە شارنشینی باڵا و ئاستی خوێندنیانەوە هەبێت، کە دەکرێت هۆکاری نیشتەجێبوونیان لە کەمپەکانی پاکستان و نزیک شارەکان پرۆسەی بە شارستانیبوونی خێراتر کردبێت. هەروەها، لەلایەکی دیکەوە، گەڕاوەکان چێژیان لە تایبەتمەندی باشتری نیشتەجێبوون و دەستڕاگەیشتنێکی زیاتر بە خزمەتگوزارییەکان وەرگرتووە، هاوتەریب لەگەڵ ڕێژەی بەرزی شارنشینییان، بەڵام خاوەندارێتی خانوبەرەیان کەمتر بووە، بە بەراورد بە گروپەکانی تر، کە خانەخوێی ئاوارە نەبوو بەرزترین ڕێژەی خاوەندارێتی شوێنی نیشتەجێبوون و زەوی کشتوکاڵییان هەبووە (Yde-Jensen et al, 2020). بەهەمان شێوە، لە توێژینەوەیکی دیکە دا کە سەبارەت بە دۆخی ئاوارەکانی ناوخۆ لە کۆسۆڤۆ: هەڵسەنگاندنی ڕێگای چارەسەری بەردەوام بۆ ئاوارەبووەکان لە کۆسۆڤۆ لە ساڵی (٢٠١٨) ئەنجامدراوە لە لایەن گروپی بەڕێوەبردنی پرۆفایلینگ. دەریدەخات کە لە کۆسۆڤۆ ئاوارەکان ڕێژەی خاوەندارێتی ماڵیان زۆر کەمترە بە بەراورد بە دانیشتوانی گشتی کۆسۆڤۆ (Profiling Management Group, 2018).

## 5. کاریگەرییە ئابورییەکانی ڕاگواستن و کەمپە زۆرەملێییەکان

بێگومان دەستەبەرکردنی درێژخایەنی بازاڕی کار لەلایەن ڕاگوێزراوانی ناوخۆیی (IDPs) لە بەشێک لەوڵاتان ئەستەمە. زۆرجار ئەم ناوچانە لەگەڵ ناسەقامگیری ئابوری و سنورداربوونی هەلی کاردا دەجەنگن، کە بەردەوام دەبێتە بەربەست لەبەردەم توانای خەڵکی نیشتەجێبووی ئۆردوگاکان بۆ دەستەبەرکردن و ڕەخساندنی دەرفەتی ئابوری سەقامگیر. بەڵام یەکخستن و یەکانگریری سەرکەوتو لە ناو کەمپەکان هۆکارە بۆ یەککگرتویی کۆمەڵایەتی و گەشەسەندنی ئابوری سەرکەوتو. ئەویش لە ڕێگەی کۆمەڵێک ستراتیژی سەرەکی کە بریتین لە ڕاهێنانی پیشەیی ئامانجدار، سیاسەتی کاری گشتگیر، سیستەمی پشتیوانی بەهێز بۆ ئاسانکاری لە گواستنەوە بۆ شوێنیکار. توێژینەوەکان گرینگی چارەسەرکردنی هەردو بەربەستە سیستماتیکییەکان و پێداویستییە تاکەکەسییەکان بۆ دڵنیابوون لە یەککگرتنی بەردەوام دەردەخەن (Milan, 2028). حکومەتەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان دەبێ هاوکاری بکەن بۆ دروستکردنی بەرنامەی کاریگەر کە بەپێی چوارچێوەی ناوخۆیی بگونجێت.

سەبارەت بەم باسە، ئیڤلێڤس و ڤێلیزیۆتیس لە توێژینەوەکەی خۆیاندا جەختیان لەسەر دەستخستن و دەستەبەرکردنی کار لەلایەن دانیشتوانی کەمپە زۆرەملێیەکان دوای ڕاگواستنیان دەکەنەوە. کە سودیان لە تیۆرییەکانی کاریگەرییە درێژخایەنەکانی بێکاری وەرگرتووە. جێگەی بایەخە، توێژینەوەکەیان لەسەر نۆ وڵاتی پۆست سۆسیالیستی ئەوروپای ڕۆژهەڵات و ئاسیای ناوەڕاست ئەنجامداوە (ئەرمەنستان، ئازەربایجان، بۆسنە و هەرزەگۆڤینا، کرواتیا، مەقدۆنیا، کۆسۆڤۆ، ڕوسیا، سربیا و تاجیکستان)، کە بە درێژایی ساڵانی نەوەدەکان، ئەم وڵاتانە لە خراپترین ململانێ سەربازییەکانی مێژوی مۆدێرندا بوون، کە ئاکامەکەی ئاوارەبوونی ناوخۆیی ملیۆنان کەس بوو. توێژەران باس لە چەند هۆکارێک دەکەن کە ئەگەری زۆرە بارودۆخی خەڵکی ناو کەمپەکانی ئاوارە سەختر کردبێت کە بوونەتە بەربەست لە یەکخستنی بازاڕی کار و دەستخستنی کار لەلایەن ڕاگوێزراوان لەوانە: (١) لەدەستدانی سەروەت و سامان (٢) زەبر و زەنگی دەرونی (٣) نادڵنیایی (٤) شێوازی پێشوازیکردنی کۆمەڵگە میواندارەکان (٥) بەربەستە دامەزراوەیی و کارگێڕییەکان (٦) لەدەستدانی خوێندن (٧) جیاوازی ڕەگەزیی (Ivlevs and Veliziotis, 2018).

لە هەمانکاتدا، توێژینەوەکە، چەند ئەنجامێک دەخاتە بەردەستمان سەبارەت بە کاریگەرییە ئابوریەکانی ڕاگواستن و کەمپە زۆرەملێیەکان، بەرچاوترینیان؛ ئاوارەکان لە نۆ وڵاتی پۆست سۆسیالیستیدا توشی زیانێکی بەرچاوی درێژخایەن دەبن لە بازاڕی کاردا. هەروەها، ئاوارەکان زیاتر توشی لەدەستدانی کار دەبن، چونکە ئەگەری کارکردنیان بە شێوەیەکی نافەرمی زیاتر بووە. کاری نافەرمیش هەمیشە نوێنەرایەتی سەرچاوەیەکی لاوازی بژێوی ژیان و ئەگەری لە دەستدانیشی زیاترە. لە ئەنجامێکی دیکەدا دەڵێن ژنانی ئاوارە بە بەردەوامی توشی زیانێکی زیاتر لە بازاڕی کار دەبن لە چاو پیاوان. یەکێکی دیکە لە ئەنجامە گرینگەکان کە توێژەران باسی دەکەن ئەوەیە کە ئەو کەسانەی بەهۆی ململانێکانەوە زیانیان بەرکەوتووە (هەم خەڵکی ڕاگوێزراو

هەم خەڵکی خانەخوێ) زیاتر ئامادەن بۆ بەدەستهێنانی خوێندن و ڕاهێنانی زیاتر. ئەمەش بەڵگەی ئەوەمان دەداتە دەست کە دوای هەستکردن بە زیانەکان لە ئەنجامی ململانێ و بەریەککەوتنی خەڵکی ناو کەمپەکان و خەڵکی کۆمەڵگەی میواندار، ڕاهێنان لە بواری گەشەپێدانی مرۆیی و خوێندن و پەروەردە باشترین ڕێگەیە بۆ کەمکردنەوەی زیانەکان و بەریەککەوتنەکان (Ivlevs and Veliziotis, 2018).

توێژینەوەیەکی دیکە بە پشتبەستن بە زانیارییە چۆنایەتی و چەندایەتییەکان کە لە کەمپەکانی وڵاتی کینیا بە تایبەت لە کاکوما و نایرۆبی و دەوروبەری کۆکراونەتەوە، کە لە گۆڕانکارییە ئابورییەکان لەناو دانیشتوانی کەمپەکان، کۆمەڵگەکانی میواندار لە کینیا لە ڕوی بژێوی ژیان، ئاستی ژیان و خۆشگوزەرانی بابەتییەوە دەکۆڵێتەوە. داتاکان دەریدەخەن کە؛

1- خەڵکی ناو کەمپەکان بەشێوەیەکی بەرچاو کەمتر لە خەڵکی کینیا چالاکی ئابوریان هەیە، بەڵام ڕێژەی دامەزراندن و ئاستی داهاتی پەنابەران بەپێی شوێنەکان جیاوازە.

2- کۆمەڵگە میواندارەکان بەگشتی لە ڕوی خۆشگوزەرانیەوە لە ئاستێکی بەرزتر دەژین لە چاو خەڵکی ناو کەمپەکان.

3- سنوردارکردنی ئازادیی هاتووچۆ و مافی کارکردنی خەڵکی ناو کەمپەکان و دەرفەتە ئابورییەکانیان بە بەراورد بە کۆمەڵگە میواندارەکان سنوردار کراوە.

4- شوناس (ڕەگەز، نەتەوە، ئایین و چینە کۆمەڵایەتییەکان) دەرفەتە ئابورییەکانی خەڵکی ناو کەمپەکانی لە قاڵب داوە (Betts et al., 2018).

لەلایەکی دیکەوە کۆمیتەی ڕزگارکردنی نێودەوڵەتی (IRC) لە ساڵی (٢٠١٩) ئەنجامدراوە تیشک دەخاتە سەر توانای بەرنامەسازی بژێوی ژیان بۆ زیاتر پشتبەستن بە خۆ و بەهێزکردنی ئابوری ڕاگوێزراوان و کۆمەڵگە میواندارەکان لە بازاڕی کۆکس لە بەنگلادیش. کە جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەرفەتی بژێوی ژیان بۆ خەڵکی ڕاگوێزراو زیاتر سنوردار و تایبەت و بچوکە، هەروەها، کۆمەڵگە میواندارەکان بەهۆی بوونی پەنابەران هەندێک کاریگەریی نەرێنی لەسەر بژێوی ژیانیان هەیە. سەبارەت بە بارودۆخی ژنان دەریدەخات کە بژێوی ژنان لە هەردو کۆمەڵگەی کەمپەکان و کۆمەڵگەی خانەخوێ زیاتر سنوردارە (IRC, 2019).

پرسێکی دیکەی پەیوەستدار بە ڕاگواستنی زۆرەملێ و کەمپە زۆرەملێیەکان، گۆڕینی دۆخی ئاوارەیی و سەختی ژیانە بۆ دۆخی گەشەپێدان بە تواناکان و بژێوی ژیان. بێگومان گۆڕینی دۆخی ئاوارەبوون بۆ گەشەپێدان بۆ ڕاگواستنە ناوخۆییەکان (IDPs) بریتییە لە گۆڕینی لاوازیی بۆ خۆڕاگری. ئەم پرۆسەیە پێویستی بە ستراتیژی گشتگیر هەیە، کە گرینگی بە بەهێزکردنی ئابوری، یەکگرتنی کۆمەڵایەتی و پشتیوانی ژێرخانی بدات. زۆرجار بەرنامە کاریگەرەکان بریتین لە ڕاهێنانی پیشەیی، دەستڕاگەیشتن بە پەروەردە و خزمەتگوزارییەکانی چاودێری تەندروستی، کە ڕێگە بە ئاوارەبووەکان دەدات بەشداریان لە گەشەپێدانی کۆمەڵگەی میواندار هەبێت. سەرەڕای ئەوەش، پەرەپێدانی هاوبەشی ناوخۆیی و سیاسەتی گشتگیر دەتوانێت یەکگرتویی کۆمەڵایەتی و گەشەی ئابوری بەرز بکاتەوە. توێژینەوەکان جەخت لەسەر گرینگی پلاندانانی درێژخایەن و بەشداریکردنی کۆمەڵ دەکەنەوە لەم هەوڵانەدا (Hansen, 2018). بە چارەسەرکردنی پێداویستییە دەستبەجێیەکان و پەروەردەکردنی پشتبەستن بە خۆ، دانیشتوانی ئاوارە دەتوانن ببنە بەشێکی دانەبڕاو لە گەشەپێدانی بەردەوام.

لەمبارەیەوە، گراهام و هاوکارەکانی جەخت لە دەستڕاگەیشتن بە بازاڕی کار و گشتگیری ئابوری بۆ ڤەنزوێلییە ڕاگوێزراوەکان بۆ کۆلۆمبیا دەکەنەوە، بە ناونیشانی "لە ئاوارەییەوە بۆ گەشەپێدان، چۆن کۆلۆمبیا دەتوانێت ئاوارەبوونی ڤەنزوێلا بگۆڕێت بۆ گەشەی هاوبەش؟" لە ساڵی (٢٠٢٠) ئەنجامیان داوە. لە توێژینەوەکدا توێژەران گەیشتون بە چەند دەرئەنجامێک لەوانە' حکومەتی کۆلۆمبیا هەنگاوی ناوە بۆ تێکەڵکردنی خەڵکی بە زۆر ڕاگوێزراوی ڤەنزوێلا لە کۆمەڵگە و ئابورییەکەیدا. بەڵام، کۆمەڵێک بەربەستی یاسایی، کارگێڕی، پێکهاتەیی و کۆمەڵایەتی ڕێگری دەکەن لە زۆرێک لە ئاوارە ڤەنزوێلیەکان کە بتوانن بە تەواوی پێداویستییەکانیان دابین بکەن یان بە کردەوە مافەکانیان بەدیبهێنن. لە لایەکی دیکە زۆرێک لە خەڵکی کۆلۆمبیا دژایەتی ئەم هەوڵەی حکومەتی کۆلۆمبیا دەکەن. هەروەها، حکومەتی کۆلۆمبیا پێیوایە باشترکردنی بارودۆخی ئابوری ڤەنزوێلاییەکان- و کۆمەڵگە میواندارەکان- سودی بۆ ڕاگوێزراوان و کۆمەڵگەی کۆلۆمبیا بە گشتی دەبێت (Graham, et al., 2020).

باسێکی دیکەی گرنگ پەیوەندی ئابوری خەڵکی ناو کەمپەکان لەگەڵ کۆمەڵگە میواندارەکانە. بە جۆرێک کە ئەم پەیوەندییە هەم بۆ دانیشتوانی ناو کەمپەکان و هەم بۆ و کۆمەڵگەی خانەخوێ زۆر گرینگە. یەکخستنی ڕاگوێزراوان لە بازاڕی کاردا دەتوانێت بەشدارییەکی بەرچاو لە گەشەی ئابوری و پڕکردنەوەی کەمیی کار و پەرەپێدانی هەمەجۆریی کەلتوری هەبێت. ستراتیژییەکانی بەشداریکردنی کاریگەر بریتین لە: پێشکەشکردنی ڕاهێنانی زمان و پیشەیی، دانان بە بڕوانامە بیانییەکان، پشتگیری کردنی سیاسەتی دامەزراندن. توێژینەوەکان دەریدەخەن کە ڕاگوێزراوان زۆرجار کارامەیی و ڕۆحی کارگێڕیی جۆراوجۆریان هەیە، کە دەتوانن ببنە هۆی دروستکردنی هەلی کار و داهێنان لەناو کۆمەڵگە میواندارەکاندا ( Betts et al., 2017). بەڵام یەکگرتنی سەرکەوتو لە نێوان کۆمەڵگەی مێواندار و کەمپەکان، پێویستی بە چارەسەرکردنی بەربەستەکانی وەک سنوردارکردنی یاسایی، جیاکاری و نەبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەیە. هەوڵە هاوبەشەکانی نێوان حکومەتەکان، ڕێکخراوە ناحکومییەکان و کەرتە تایبەتەکان زۆر گرنگن بۆ دروستکردنی ژینگەی پشتیوانی بۆ خەڵکی میوان. ئەم ڕێبازە نەک تەنها یارمەتی خۆبژێوی ئابوری پەنابەران دەدات بەڵکو یەکگرتویی کۆمەڵایەتی و سودی هاوبەش بۆ کۆمەڵگە میواندارەکان بەرەوپێش دەبات (UNHCR, 2019 and Clemens et al., 2018).

لەمبارەیەوە، ئائۆهیکۆ ئۆماتا لە توێژینەوەیەکدا بە ناونیشانی "پەیوەندی ئابوری نێوان خەڵکی ڕاگوێزراو و خەڵکی خانەخوێ لە ئۆگەندا" لە ساڵی (٢٠١٨) باس لە وابەستەیی ئابوری لە نێوان پەنابەران و کۆمەڵگە میواندارەکاندا دەکات کە پێیوایە ڕاگوێزراوان ڕۆڵێکی گرنگ لە کەرتە بازرگانییە فراوانەکانی ئۆگاندا دەگێڕن. ئەویش لە ڕێگەی هەبوونی پەیوەندیەکی ئابوری بەهێز لە نێوان هەردو کۆمەڵگەکە.

## 6. کەمپە زۆرەملێیەکان لە پەیوەندیدا بە ململانێ ئێتنیکییەکان

نایەکسانی ئێتنیکی و ڕاگواستنی زۆرەملێ بە قووڵی تێکەڵاون و تۆڕێکی ئاڵۆزی ئاڵنگاری ئابوری-کۆمەڵایەتی دروست دەکەن. زۆرجار کەمینە نەتەوەییەکان کە ڕاگوێزراون ڕوبەڕوی هەڵاواردنی سیستماتیکی و دژایەتی دەبنەوە، کە دەستڕاگەیشتنیان بە سەرچاوەکانی بژێوی ژیان کەم دەکات، لە هەمانکات

دەستڕاگەیشتن بە خوێندن و هەلی کار سنوردار دەکات. ئەم پەراوێزخستنە لاوازییەکانی خەڵکی ڕاگوێزراو زیاتر دەکات. ئەمەش وایکردووە ئەم کۆمەڵگایانە زیاتر ئامادەبن بۆ ڕاگواستنی زۆرەملێ بەهۆی ململانێی سیاسی، جەنگ، یان کارەساتی ژینگەیی (Stewart, 2010 and Kibreab, 2004).

تایبەت بەم پرسە، توێژینەوەکەی تیلمان بروک و هاوکارەکانی لێکۆڵینەوە دەکات لەوەی کە چۆن نایەکسانی نەتەوەیی پەیوەندی بە ململانێ نێوان نەتەوەکانەوە هەیە، کە تیشک دەخاتە سەر ڕاگواستنی زۆرەملێ لە قیرگیزستان لە ساڵی ٢٠١٠. نارەزایی نەتەوەیی و نارەزایەتییە ئابوریە- کۆمەڵایەتییەکانی نێوان دو گەورەترین گروپی نەتەوەیی، قیرگیزستان و ئۆزبەکستان، پاڵنەری سەرەکی ململانێکان بوون، کە زیاتر لە ٤٠٠ کەس کوژراون و ٣٧٥ هەزار کەس ڕاگوێزران لە کۆی ژمارەی دانیشتووانی ٦ ملیۆن کەس. توێژەران دەریانخستووە کە ئەو کۆمەڵگایانەی کە جیاوازییەکی بەرچاویان لە خوێندندا هەیە لە نێوان قیرگیزستان و ئۆزبەکییەکان ڕێژەی ڕاگواستنیان زیاتر بووە. بۆیان دەردەکەوێت کە کۆمەڵگەی کەمینەی ڕاگوێزراو لەلایەن کۆمەڵگەی زۆرینەی میواندار ڕوبەڕوی نا یەکسانی دەبنەوە، بە تایبەت ئەگەر جیاوازی نەتەوەیی هەبێت (Brück et al., 2018).

پرسێکی دیکەی گرنگ تایبەت بە شوێنی دروستکردنی کەمپە زۆرەملێیەکانە، بێگومان ڕاگواستنی ناوخۆی (IDPs) و نیشتەجێکردنیان لە کەمپە زۆرەملێیەکان لە ناوچە شارنشینیەکاندا لە بەرامبەر ناوچە گوندنشینەکاندا ڕوبەڕوی ئاستەنگی جیاواز دەبنەوە. ئەو کەمپانەی دەکەونە ناوچە شارییەکان زۆرجار توشی تێچوی ژیانی بەرز و قەرەباڵغی و کێبرکێ بۆ کار دەبن، بەڵام لەوانەیە دەستیان بە خزمەتگوزاری و ژێرخانی باشتر بگات. بە پێچەوانەوە، لە ناوچە گوندنشینەکان تێچوی کەمتر و پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەهێزتر دەرەخسێت، بەڵام چاودێری تەندروستی، خوێندن و دەرفەتی کارکردنی گونجاویان بە ئەستەمتر بۆ دەرەخسێت (Ferris, 2019).

لەمبارەیەوە، توێژینەوەیەک کە لە لایەن کۆمەڵێک توێژەر ئەنجامدراوە سەبارەت بە "بەراوردکردنی ئەزمونی ڕاگواستنی ناوخۆیی خەڵک بۆ شارەکان و ناوچە گوندنشینەکان: توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە عێراق لە نێوان ساڵانی ٢٠١٥-٢٠١٧. توێژەران بە سودوەرگرتن لە داتای دووەمی لە توێژینەوەیەکی مەیدانی کە لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ و زانکۆی جۆرج تاون ئەنجامدراوە، گەیشتون بە چەند ئەنجامێک کە ئەزمونی ئاوارەکان دەگۆڕێت بەپێی ئەوەی کە ئایا ڕاگواستنەکە بۆ شوێنێکی شاریە یان گوندنشین: (١) ئاوارەکان چەندین بەربەستیان لە بەردەم بەدەستهێنانی بژێوی ژیاندا هەیە. هەروەها لە هەرێمی کوردستان، سنوردارکردنی ڕێکخراوەیی هەیە، کە ڕەنگە ڕێگری لە کارکردنی ئاوارەکان لە بوارەکەی خۆیاندا بکات ، بۆ نمونە. مەرجی زمانی کوردی بۆ پزیشکان. (٢) نەبوونی هەلی کار لە کشتوکاڵ، بازرگانی، یان کەرتی گشتی، زۆربەی ئاوارەکانی شار و گوندەکان لە کەرتی نافەرمیدا کاریان دۆزیوەتەوە. (٣) ئەوانەی لە نزیک شارەکانن هەندێک دەرفەتیان بۆ ڕەخساوە بە تایبەتی بۆ ژنان و گەنجان (Davis et al., 2019).

لە لایەکی دیکەوە، توێژینەوەیکی دیکە کە تێزی دکتۆرایە لە زانکۆی شەفێلد لە بەریتانیا لە ساڵی (٢٠٢٢) بە ناونیشانی "ڕاگواستن بۆ کەمپەکان بەرامبەر ڕاگواستن بۆ شار: توێژینەوەیەکی بەراوردکاریە لە تواناکانی ئاوارە ناوخۆییەکان لە مایدوگوری، ویلایەتی بۆرنۆ، باکوری ڕۆژهەڵاتی نەیجیریا" لەلایەن فاتیمە محەمەد، ئەنجام دراوە. ئەم توێژینەوەیە تیشکدەخاتە سەر شاری مایدوگوری، شارێک کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەرە بەهۆی یاخیبوونی بۆکۆحەرامەوە و ئامانجی تێگەیشتنە لە پێداویستی و لاوازییە جۆراوجۆرەکانی ڕاگوێزراوان، لێکۆڵینەوە لەوە دەکات کە چۆن توانا سەرەتاییە مرۆییەکان لە ژێر بارودۆخی جیاوازدا بەدەستدەهێنن.

چوارچێوەی توێژینەوەکە تیشکدەخاتە سەر زیادبوونی بەرچاوی ڕاگواستنی زۆرەملێ لە ئاستی جیهانیدا، کە زیاتر لە ٨٠ ملیۆن کەس بەهۆی ململانێ، گۆشەگیری، یان پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤەوە شوێنی خۆیان جێهێشتوە. لە کاتێکدا زۆرجار ئاوارەکان سەرنجێکی بەرچاویان پێدەدرێت، بەڵام هەندێکجار بە تایبەتی لە ئەفریقا کەمتر گرنگیان پێدەدرێت. توێژینەوەکە میتۆدی چۆنایەتی بەکاردەهێنێت، لەوانە چاوپێکەوتنی نیمچە ڕێکخراو و فۆکەس گروپ کە ٦٧ ئاوارە و ١١ زانیاریدەری سەرەکی لە حکومەت و ڕێکخراوە ناحکومییەکان بەشداران.

ئەنجامە سەرەکییەکان جیاوازی لە نێوان ئاوارەی ناو کەمپەکان و ئاوارە خۆنشینەکان لە ڕوی بەدیهێنانی تواناکانەوە ئاشکرا دەکەن. ئاوارەکانی ناو کەمپەکان سودمەند دەبن لە یارمەتی و پشتیوانی، بەڵام زۆرجار ڕوبەڕوی سنورداربوون دەبنەوە لە سەربەخۆیی و پشتبەستن بە خۆیان. بە پێچەوانەوە، ئاوارەکانی خۆ نیشتەجێبوو، هەرچەندە سەربەخۆترن، بەڵام زۆرجار دەستیان بە سەرچاوە و سیستەمی پشتیوانییە سەرەکییەکان ناگات، کە لە کەمپەکان بەردەستن. هەروەها، شیکارییەکی بەراوردکاری ئاوارەکان لە کەمپەکان و شوێنە شارییەکان دەخاتە ڕو، ڕۆشنایی دەخاتە سەر ئەو ئاستەنگە جیاوازانەی کە ڕوبەڕویان دەبنەوە لە بەدەستهێنانی توانا سەرەتایی و ناوەندییەکان، وەک تەندروستی، پەروەردە و دەرفەتەکانی بژێوی ژیان.

لە کۆتاییدا، توێژینەوەکە،. بانگەشە بۆ ڕێبازێکی گشتگیرتر بۆ پشتگیریکردنی ئاوارەکان دەکات ، کە تێڕوانینەکان لە هەردو ڕوانگەی توانا تاکەکەسی و گروپییەکانەوە تێکەڵ دەکات، بۆ باشتر چارەسەرکردنی ئەو ئاستەنگە فرەلایەنانەی کە ڕوبەڕوی ئاوارەکان دەبنەوە لە بەدەستهێنانی ژیانێکی شایستە و پارێزراو دوای ئاوارەبوون (Mohammed, 2022).

لێکۆڵینەوەکەی ئیبراهیم مەلازادە بە ناونیشانی "ڕاگواستنی زۆرەملێ و کەمپە زۆرەملێیەکان وەک هێرشێکی شارستانی' تیشک دەخاتە سەر ڕاگواستنی بەکۆمەڵی گەلی کورد لە نێوان ساڵانی ١٩٧٦ تا ١٩٨٦ لەلایەن حیزبی بەعس لە عێراق دەکۆڵێتەوە. ئەم پرۆسەیە کە بە هێرشێکی شارستانی ناوزەد دەکرێت، گوایە ئامانجی مۆدێرنکێزەکردنی ناوچە کوردنشینەکان بووە، بەڵام لە بنەڕەتدا بەشێکبووە لە ستراتیژییەکی جینۆساید بۆ کۆتاییهێنان بە ئۆتۆنۆمی سیاسی و ئابوری و کەلتوری کورد. حیزبی بەعس بە بیانووی پەرەپێدانی ناوچەی باکوری عێراق هەزاران گوندی کوردستانی وێران کرد و بە زۆر دانیشتوانەکانیانی گواستەوە بۆ کۆمەڵگە مۆدێرنەکان. ئەم هەنگاوە بۆ سەرکوتکردنی سەربەخۆیی کورد و تێکەڵکردنی بە ئایدۆلۆژیایەکی پان عەرەبی بوو. ڕاگواستنی کورد کە دوای دارمانی بزوتنەوەی سیاسی کورد لە ساڵی ١٩٧٥ هاتە ئاراوە، سەرنجی نێودەوڵەتی و دەستێوەردانی جیهانی بۆ خۆی ڕانەکێشا.

توێژینەوەکە چوارچێوەیەکی کۆمەڵناسی بەکاردەهێنێت بۆ تێگەیشتن لە پاڵنەر و کاریگەرییەکانی ئەم ڕاگواستنە زۆرەملێیە. سود لە چەمکی هێرشەکانی بەشارستانیکردن وەردەگرێت، کە هەوڵی گروپە زلهێزەکانە بۆ سەپاندنی کەلتور و بەهاکانیان بەسەر ئەوانی دیکەدا کە بە ناشارستانی دادەنرێت. توێژینەوەکە ئەمە بەراورد دەکات بە ڕوداوە مێژوییە هاوشێوەکان، وەک نەوەی دزراو لە ئوسترالیا، کە منداڵانی ڕەسەن لە خێزانەکانیان دور خرانەوە بۆ ئەوەی لە کەلتوری ئەورووپیدا ئاسمیلە بکرێن.

مەلازادە چاوپێکەوتنی لەگەڵ کوردانی ئاوارە ئەنجامداوە بۆ کۆکردنەوەی گێڕانەوەی

ئەزموونەکانیان. چاوپێکەوتنەکان ئەوە دەردەخەن کە ئەو کەمپانەی کە گوایە مۆدێرن بوون، خزمەتگوزارییە مەدەنییە سەرەتاییەکانیان نەبووە و بە شێوەیەکی چڕ لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە کۆنترۆڵکرابوون، ئەمەش وایکردووە هەست بە زیندان بکەن نەک وەک ماڵ. کوردە ڕاگوێزراوەکان ڕووبەڕووی زەبر و زەنگی دەروونی و بێکاری و لەدەستدانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و کەلتوریی بوونەتەوە. زۆرێک لە چاوپێکەوتنەکان هەستی نامۆبوون و بێڕێزی و ترسیان دەربڕی و تیشکیان خستۆتە سەر کاریگەرییە نەرێنییەکانی ڕاگواستنی زۆرەملێیان.

تویژینەوەکە بەو ئەنجامە دەگات کە ڕاگواستن و کۆکردنەوەیان، کورد لە کەمپە مۆدێرنەکاندا هەوڵێکی بە ئەنقەست و سیستماتیک بووە بۆ بنبڕکردنی ناسنامە و ئۆتۆنۆمی کورد. کردەوەکانی حیزبی بەعس بەشێک بوو لە هەڵمەتێکی جینۆسایدی فراوانتر، کە لەبەرەی هەوڵدان بۆ گەیاندنی شارستانیەت بۆ کورد بوو. ئەم ستراتیژە بریتی بوو لە ویرانکردنی ئابوری، کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و نەهێشتنی فیزیکی شۆرش، کە کاریگەرییەکی بەردەوامی لەسەر کۆمەڵگەی کوردی بەجێهێشت. تویژینەوەکەی مەلازادە جەخت لەسەر گرنگی دانپێدانان و چارەسەرکردنی ئەو نادادپەروەرییە مێژووییانە دەکاتەوە کە ڕووبەڕووی گەلی کوردستان دەبێتەوە و تیشک دەخاتە سەر پێویستی هۆشیاری و دەستێوەردانی نێودەوڵەتی لە ڕێگریکردن لەمجۆرە دڕندەییانەی لە داهاتودا (Malazada, 2017).

### 7. ئەنجامگیری

کەمپەکانی زۆرەملێ فشارێکی ئابوری-کۆمەڵایەتی بەرچاو لەسەر کۆمەڵگە میواندارەکان دروست دەکەن، بە پلەی یەکەم لە ڕێگەی زیادبوونی خواست لەسەر سەرچاوە ناوخۆییەکان، ژێرخانی ئابوری و خزمەتگوزارییە گشتییەکان. لێشاوی لەناکاوی دانیشتوانی کەمپەکان دەتوانێت سیستەمی چاودێری تەندروستی زاڵ بکات و ببێتە هۆی کەمیی و زیادبوونی مەترسییە تەندروستییەکان.واتە بەهۆی زۆری دانیشتوان لە ناو کەمپەکان و کەمی خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان و تیمەکان وا دەکات کە سیستەمی تەندروستی لە ناو کەمپەکان لە ئاستی پێویستدا نەبێت. هەروەها بازاڕەکانی خانوبەرە توشی فشار دەبن، زۆرجار دەبێتە هۆی زیادبوونی تێچووی کرێ و کەمبوونەوەی بەردەستبوونی بۆ دانیشتوانی ناوچەکە بە تایبەت دوای ئەوەی بەشێک لە خەڵکەکە لە کەمپەکان دێنە دەرەوە بۆ ژیانکردن. لە کاتێکدا کە کەمپەکان ڕەنگە هەلی کار دروست بکەن، بەڵام ئەمانە بە شێوەیەکی گشتی موچەیەکی کەم و کاتین، کە بەشدارییەکی کەمیان لە سەقامگیری ئابوری درێژخایەن هەیە. سەرەڕای ئەوەش، ڕەنگە بازرگانییە ناوخۆییەکان بەهۆی تێکچوونی ئاستی داینکردن و گۆڕانی داینامیکی بازاڕەوە زیانیان پێ بگات.

لە ڕووی سیاسییەوە بوونی کەمپەکان دەتوانێت دۆخی ناوخۆیی بە قووڵی بگۆڕێت. لەوانەیە حکومەتەکان سیاسەتەکانیان بگۆڕن بۆ بەڕێوەبردنی ئاستەنگەکانی پەیوەست بە کەمپەکان، زیادکردنی خەرجییەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی ئاسایش و کارگێڕیی. ئەمەش دەتوانێت ببێتە هۆی بەرزبوونەوەی گرژییە کۆمەڵایەتییەکان، لەگەڵ بەرزبوونەوەی بێگانەپەرستی و هەستی دژە کۆچبەران لە کۆمەڵگە زیاد دەکات.

لە ڕووی کەلتوریی و کۆمەڵایەتییەوە، کەمپەکانی کۆکردنەوە کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر کۆمەڵگە میواندارەکان هەیە بە گۆڕینی یەکگرتویی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. کارلێکی نێوان خەڵکی ناوچەکە و دانیشتوانی کەمپەکان دەتوانێت ببێتە هۆی هەم ئاڵوگۆڕی کەلتوریی ئەرێنی و هەم پێکدادانی کەلتوری نەرێنی. ئالنگاری یەکگرتن سەرهەڵدەدەن، کاریگەرییان لەسەر ناسنامە و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی میواندار دەبێت. زیادبوونی خواست لەسەر خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان و پەروەردە دەتوانێت ئەم سیستمانە گرژ بکات، بەڵام دەرفەت بۆ فێربوون و کارلێکی کەلتوریش دەخاتە ڕوو.

یەکێکی دیکە لە دەرەنجامەکان، کاریگەریی بەردەوام لەسەر توانای ژنان بۆ دەستڕاگەیشتن و پاراستنی بژێوی ژیان. لە کاتێکدا هەردو ڕەگەزی نێر و مێ زۆرجار کێشەیان بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانیان لە ناوچە میواندارەکاندا (کەمپەکان) هەیە، تویژینەوەکان نیشانیدەدەن کە لە کاتی ڕاگواستن و نیشتەجێبوونیان لە کەمپەکان ژنان ڕووبەڕووی ئاستەنگی زیاتر دەبنەوە.

تویژەران گەیشتون بە دەرەنجامێکی دیکە کە جیابوونەوە یان لەدەستدانی پیاوی خێزان لەوانەیە ژنان وەک سەرۆکی ماڵ بەجێبهێڵێت، ئەمەش فشاری دارایی و نائەمنی زیاد دەکات. لەو وڵاتانەی کە ژنان مافی یاساییان نییە بۆ خاوەندارێتی یان بەکرێدانی موڵک، ژنانی ئاوارە لە کۆتاییدا لە کەمپەکان یان شوێنی نیشتەجێبوونی نافەرمیدا بژین کە دەرفەتی بژێوی کەمیان لەبەردەستدایە.

کەمپەکان لە درێژخایەندا دەتوانن لێکەوتەی بەردەوامیان لەسەر گەشەکردن و سەقامگیری ناوچە میواندارەکان هەبێت. لە ڕوی ئابورییەوە، دوبارە دابەشکردنەوەی سەرچاوەکان بۆ بەڕێوەبردنی کەمپەکان ڕەنگە ڕێگری لە گەشەپێدانی ناوخۆیی بکات و ببێتە هۆی چەقبەستویی. بەڵام لە هەمان کاتدا، کۆمەڵگەی میواندار کاریگەریی لەسەر خەڵکی کەمپەکان دروستدەکات بە شێوەیەکی ئەرێنی. گۆڕانی دیمۆگرافی بەهۆی گۆڕانی دانیشتوان دەتوانێت کاریگەریی لەسەر بازاڕەکانی کار و داینامیکی هێزی کار هەبێت. لە ڕوی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، میراتی کەمپەکانی ڕەنگە ببێتە هۆی ناسەقامگیری بەردەوام و لاوازبوونی خۆڕاگری کۆمەڵگە. ڕەنگە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بۆ هەمیشە بگۆڕدرێت. ئەم هۆکارانە بە گشتی ڕێڕەوی گەشەکردن و سەقامگیری ناوچەی خانەخوێ لە قاڵب دەدەن، زۆرجار شوێنەواری درێژخایەن لەسەر پێشکەوتن و هاوسەنگییەکەی بەجێدەهێڵن.

لەلایەکی دیکەوە، تویژینەوەکان دەریدەخەن کە کەمپەکان کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر پرۆسەی پەروەردە هەیە، بە جۆرێک لە هەندێک شوێن دەرفەتی خوێندن کەم دەبێتەوە بەتایبەت بۆ ڕەگەزی مێینە، بەهۆی بارودۆخی ناو کەمپەکان دەرفەتی خوێندن بۆ کچان کەم دەبێتەوە. بەڵام لە هەمان کاتدا، تویژینەوەکان دەریدەخەن کە لە کەمپەکان دەرفەتی خوێندن زیاتر دەبێت بە بەراورد بە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان.

لە کۆتا دەرەنجام، تویژەران گەیشتون بەو ئەنجامەی کە شێوازی هاوسەرگیری لە نێوان پەنابەران بەهۆی دابەشبوونیان بەسەر کەمپ و شوێنی جیاواز و تێکەڵاوبوونیان لە نێوان خۆیاندا، گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، بەجۆرێک دانیشتوانی ناو کەمپەکان زوتر لە دانیشتوانی کۆمەڵگەی میواندار پرۆسەی هاوسەرگیرییان ئەنجامداوە. لەلایەکی دیکەوە، ڕێژەی هاوسەرگیریی پێشوەختە (پێش تەمەنی ١٨ ساڵ) لە نێوان ژنانی ناو کەمپەکان تاڕادەیەک بەرز بووە.

### سەرچاوەکان

Ager, A., & Strang, A. (2008). Understanding Integration: A Conceptual Framework. *Journal of Refugee Studies*, 21(2), 166-191.

Ahimbisibwe, F., Ingelaere, B. and Vancluysen, S. (2017). Local

Ekezie, W., Timmons, S., Myles, P., Siebert, P., Bains, M. and Pritchard, C. (2019). An audit of healthcare provision in internally displaced population camps in Nigeria. *Journal of Public Health*, *41*(3), pp.583-592.

Ferris, E. (2019). *The Displaced: Refugee Writers on Refugee Lives*. New Press.

Fransen, S., Vargas-Silva, C. and Siegel, M., (2018). The impact of refugee experiences on education: evidence from Burundi. *IZA Journal of Development and Migration*, *8*, pp.1-20.

Graham, Jimmy, et al. (2020). "From Displacement to Development, How Colombia Can Transform Venezuelan Displacement into Shared Growth." *Center for Global Development*.

Hansen, A. (2018). *From Displacement to Development: How to Promote Resilience and Sustainable Growth*. Journal of International Development.

Hart, C. (2018). *Doing a Literature Review: Releasing the Research Imagination*. Sage Publications.

Hout, M. (2015). A Summary of What We Know About Social Mobility. *Annals of the American Academy of Political and Social Science*, 657(1), 27-36.

Ibrahim, M Sadiq, I., (2022). Gender Roles and Feminism: The Experience of Barzani Single Mothers. *Review of Middle East Studies*, *56*(1), pp.40-55.

IRC (2019) Left in Limbo – The Case for Economic Empowerment of Refugees and Host Communities in Cox's Bazar, Bangladesh. *International Rescue Committee (IRC).* [Online]. Last accessed 7 February 2024 at: https://www.rescue.org/report/left-limbo

Ivlevs, A. and Veliziotis, M. (2018). Beyond conflict: Long-term labour market integration of internally displaced persons in post-socialist countries. *Journal of Vocational Behavior*, *105*, pp.131-146.

Jacobsen, K., & Fratzke, S. (2016). *Building Livelihood Opportunities for Refugee Populations: Lessons from Past Practice*. Migration Policy Institute.

Justino, P., Leone, M. and Salardi, P. (2014). Short-and long-term impact of violence on education: The case of Timor Leste. *The World Bank Economic Review*, *28*(2), pp.320-353.

Kibreab, G. (2004). Forced Migration and Ethnic Relations. *Journal of Ethnic and Migration Studies*, 30(2), 205-225.

Yde-Jensen, T., Krishnan, N., Tan, X., Wieser, C. and (2020). Afghanistan's Displaced People: A Socio-Economic Profile, 2013-2014. *Poverty and Equity Global Practice, The World Bank Group*.

Malazada, Ibrahim sadiq (2017). Forced Displacement and Concentration Camps as a Civilizing Offensive 1 A Case Study on the Mass integration as a durable solution? The case of Rwandan refugees in Uganda.

Bartels, S.A., Michael, S., Roupetz, S., Garbern, S., Kilzar, L., Bergquist, H., Bakhache, N., Davison, C. and Bunting, A. (2018). Making sense of child, early and forced marriage among Syrian refugee girls: a mixed methods study in Lebanon. *BMJ global health*.

Becker, Sascha O., et al. (2020) "Forced migration and human capital: Evidence from post-WWII population transfers." *American Economic Review* 110 (5), 1430-1463.

Betts et al. (2018) Refugee economies in Kenya. *Refugee Studies Centre, University of Oxford.* [online]. Last accessed 2 February 2024 at: https://www.rsc.ox.ac.uk/publications/refugee-economies-in-kenya

Betts, A., Bloom, L., Kaplan, J., & Omata, N. (2017). *Refugee Economies: Forced Displacement and Development*. Oxford University Press.

Bilgili, Özge, et al. (2019). "Is the education of local children influenced by living near a refugee camp? evidence from host communities in Rwanda." *International Migration* 57 (4) 291-309.

Boote, D. N., & Beile, P. (2005). Scholars before researchers: On the centrality of the dissertation literature review in research preparation. *Educational Researcher*, 34(6), 3-15.

Brown, A. (2018). The political and social implications of forced displacement: Host communities and concentration camps. *Global Studies Review*, 29(3), 211-234.

Brück, Tilman, Moritz Hennicke, and Antje Schumann (2018). *Ethnic Inequality and Forced Displacement*. ECARES.

Cazabat, C., Andre, C., Fung, V., Montandon, R., Patten, H., Ponserre, S. and Yasukawa, L. (2020). Women and girls in internal displacement. *International Displacement Monitoring Centre*.

Clemens, M., Huang, C. and Graham, J. (2018). The economic and fiscal effects of granting refugees formal labor market access. *Center for Global Development Working Paper*, *496*.

Colic-Peisker, V., & Tilbury, F. (2007). Integration into the Australian Labour Market: The Experience of Three "Visibly Different" Groups of Recently Arrived Refugees. *International Migration*, 45(1), 59-85.

Cronin, P., Ryan, F., & Coughlan, M. (2008). Undertaking a literature review: a step-by-step approach. *British Journal of Nursing*, 17(1), 38-43.

Davis et al. (2019) Comparing the Experiences of Internally Displaced Persons in Urban vs. Rural Areas: Findings from a Longitudinal Study in Iraq, 2015-2017. *Background paper for the Global Report on Internal Displacement*.

De Berry, J.P. and Roberts, A. (2018). Social cohesion and forced displacement: A desk review to inform programming and project design. *The World Bank: Washington DC.*

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n2y2026.pp466-478

Deportation of the Kurdish People Between 1976 and 1986. *Center for Transatlantic Relations*.

Milan, A. (2018). Integration of Internally Displaced Persons in Post-Socialist Countries. *International Migration Review.*

Mohammed, F. (2022). *Displacement to the camp vs Displacement to the city: A comparative study of Internally Displaced Persons' capabilities in Maiduguri, Borno State, Northeastern Nigeria* (Doctoral dissertation, University of Sheffield).

Moses, A. D. (2004). *Genocide and Settler Society: Frontier Violence and Stolen Indigenous Children in Australian History*. Berghahn Books.

Omata, Naohiko. (2018). "Refugees' engagement with host economies in Uganda." *Forced Migration Review* 58.

Phillimore, J., & Goodson, L. (2008). Making a Place in the Global City: The Relevance of Indicators of Integration. *Journal of Refugee Studies*, 21(3), 305-325.

Piper, B., Dryden-Peterson, S., Chopra, V., Reddick, C. and Oyanga, A. (2020). Are refugee children learning? Early grade literacy in a refugee camp in Kenya.

Profiling Management Group (2018*) Profiling of Internally Displaced Persons in Kosovo: Assessing the Route to Durable Solutions for IDPs in Kosovo.* Kosovo.

Ridley, D. (2012). *The Literature Review: A Step-by-Step Guide for Students*. Sage Publications.

Sieverding, Maia, Nasma Berri, and Sawsan Abdulrahim (2018) "Marriage and fertility patterns among Jordanians and Syrian refugees in Jordan." *The Jordanian labor market: Between fragility and resilience*, 259-288.

Smith, J. (2020). The socio-economic effects of refugee camps on host communities: A case study analysis. *Journal of International Development*, 32(2), 123-145.

Snyder, T. (2011). Bloodlands: Europe Between Hitler and Stalin. Basic Books.

Stewart, F. (2010). *Horizontal Inequalities and Conflict: Understanding Group Violence in Multiethnic Societies*. Palgrave Macmillan.

Stone, D. (2003). *Constructing the Holocaust: A Study in Historiography*. Vallentine Mitchell.

Taylor, M., (2014). *Trauma therapy and clinical practice: Neuroscience, Gestalt and the body*. McGraw-Hill Education (UK).

UNHCR. (2019). *Global Trends: Forced Displacement in 2019*. United Nations High Commissioner for Refugees.

Verme, P. and Schuettler, K. (2021). The impact of forced displacement on host communities: A review of the empirical literature in economics. *Journal of Development Economics*, *150*,102606.

World Bank (2020). The mobility of displaced Syrians: An economic and social analysis. *The World Bank*.

## تأثيرات الترحيل والمجمعات القسرية على المجتمع المضيف (المجتمع الأصلي)

### الملخص

تتناول هذه الدراسة موضوعا هاما و هو تأثيرات الترحيل والمجمعات القسرية على المجتمع المضيف. الهدف الرئيسي لهذه الدراسة هو التعرف على تأثيرات الترحيل القسري على على المجتمعات المُضيفة.خصوصاً في مجالات التربية وفُرص التعليم، البُنية الأجتماعية والزواج، الفرص الأقتصادية،، توزيع المصادر والديناميكية الإجتماعية. كذلك تجارب النساء في المجمعات القسرية كالحريات الشخصية والتحديات الاقتصادية والاجتماعية. حيث تقوم بدراسة وتحليل أكثر من 40 دراسة متنوعة أجريت في بلدان مختلفة تعرض سكانها للترحيل والإقامة في المجمعات. تهدف الدراسة القيام بمراجعة نقدية للأدبيات الحالية حول تأثيرات المجمعات على المجتمعات المُضيفة. وعن طريق جمع النتائج المختلفة للدراسات السابقة، ستقدم الدراسة رؤية شاملة و فهما حول التأثيرات متعددة الجوانب لتلك المجمعات على المناطق المحيطة بها. تتعمق الدراسة في الآثار الاجتماعية-الاقتصادية، السياسية والثقافية للمجمعات القسرية. كما تسلط الضوء على الآثار الآنية وطويلة الأمد. تبين النتائج أن المجمعات القسرية تولد ضغوطات اقتصادية واجتماعية كبيرة وواضحة على المجتمعات المُضيفة. الحصول على فرص التعليم للمقيمين في المجمعات القسرى يحتل المرتبة الأولى. تفاقم الصراعات بين الجماعات العرقية. تغيُر أدوار النساء في المجمعات، حيثُ يلعبن أدواراً مختلفة. كما تغيرت عادات الزواج وأصبحت نسبتها أكبر في المجمعات. إرتفاع مخاطر العنف على أساس الجندر تجاة الفتيات فى العوائل المُرحلة هي من إحدى نتائج الدراسة. من الناحية الثقافية والاجتماعية، أن المجمعات القسرية لها تأثيرات واضحة على المجتمعات المُضيفة في تغيير التضامن الاجتماعي والعلاقات الاجتماعية.

**الكلمات المفتاحية:** الترحيل ، والمجمعات القسرية، التغيير الاجتماعي، التغيير الثقافي، المجتمعات المضيفة.

**Effects of Displacement and Forced Camps on the Host Community**

**ABSTRUCT**

This paper addresses an important topic about the effects of displacement and forced camps on the host community. The main objective of this study is to investigate the impacts of forced displacement to camps on host communities, particularly in the areas of education, social structure and marriage processes, economic opportunities and social dynamics. Special attention is paid to women's experiences in the camps, including their personal freedoms and socio-economic challenges. The study reviews more than forty different studies conducted in different countries, analysing the impacts that communities faced from displacement and camp resettlement. Through a critical examination of prior literature, this study aims to assess the extent to which camps impact host communities. Bringing together a variety of results, the study provides a comprehensive understanding of the complex and multifaceted reactions of these camps in the surrounding areas. The review explores the socio-economic, political, and cultural consequences of camps. It highlights both immediate and long-term effects. The results show that camps exert significant socio-economic pressure on host communities, primarily on access to education for camp people. Increases inter-ethnic and inter-group conflict. Another result is the change in the role of women in the camps, who play different roles, and the marriage process has changed so that the marriage rates have increased in the camps. Also, the increased risk of gender-based violence against displaced girls in the camps is another result. Culturally and socially, concentration camps have a significant impact on host communities by transforming social cohesion and community relationships.

KEYWORDS**:** Displacement, Forced Camps, Social Change, Cultural Change, Host Communities.